# وەڵامی راپۆرتی رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ سەبارەت بە ناوچە ئازادکراوەکان

**(ئۆفیسی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان)**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**(2020 Updated)**

**وەزارەتی پێشمەرگە:** ئێزیدییەکان هیچ میلیشیایەکی چەکدارییان نییە، چونکە ئێزیدیەکان یەک هێزی فەرمیان هەیە لەسەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە و ئێستاش بەرگری لە خانەوادە ئێزیدییەکان دەکات کە پێشتر لە چیای شنگال گەمارۆ درابوون. بەشێکی دیکەشیان لە ناوەندی شاری شنگال لە بەرەکانی جەنگ دژ بە چەکدارانی داعش دەجەنگن. جگە لەم هێزە فەرمییەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، ئێزیدییەکان هیچ هێزێکی دیکەی سەربازییان نییە و ئێستا زۆربەی هەرەزۆری هاووڵاتییە ئێزیدیەکان ئاوارەن و نیشتەجێی کەمپەکانن لە کوردستان، چونکە ناوچەکانیان بە هۆی شەڕی بەردەوامەوە بوونەتە ناوچەی سەربازی و سادەترین خزمەتگوزاریان تێدا نییە.

روون و ئاشکرایە لە حاڵەتی شەڕ و کارەساتی لەو جۆرەی بەسەر کوردە ئێزیدییەکاندا هات لە هەندێک ناوچە پێشێلکاری روویداوە، بەڵام وەزارەت ئامادەیە لێکۆڵینەوەی ورد ئەنجام بدات و ئەگەر کەسێک داوای هەبێت و بەڵگەی تەواوی بۆ داواکەی پێبێت ئەوا تاوانباران سزا دەدات، چونکە کوردستان هەمیشە جێگای پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە ئایینی، نەتەوەیی و مەزهەبەکان بووە و پێشمەرگەش هەمیشە رێزی لەو عەرەبانە گرتووە کە دەستیان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش تێکەڵ نەکردووە، و هاوکاری ژن و منداڵەکانیان کردووە  لە هەر شوێنێک بووبن.

تا ئێستا بە سەدان هەزار کوردی ئێزیدی، کریستیان، عەرەبی سوننە و پێکهاتەکانی دیکە لە کوردستان دەژین و سەدان ساڵە ئەم پێکەوە ژیانە هەبووە. ئەمەش بووەتە یەکێک لە شانازییەکانی کورد و وڵاتان شایەتحاڵی ئەوەن کە  ئەو پێکەوەژیانەی لە کوردستان هەیە لە ناوچەکەدا بێ وێنەیە.

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان (وەزارەتی ئەوقاف):** ئەوەی دیار و ئاشکرایە بۆ خەڵکی ناوچەکە ئەوەیە گوندەکانی (سیبا، ساهر، چری)، سەرچاوەی تیرۆریستانی داعش بوون و زۆربەی ئەو کچ و ژنە کوردە ئێزیدیانەی کە لەلایەن داعشەوە رفێندرابوون، یەکەم جار لەو گوندانە کۆکراونەتەوە و دەستدرێژییان کراوەتە سەر دواتر بەرەو موسڵ، رەقە و شوێنەکانی دیکە نێردراون. کاتێک پێشمەرگە هێرشی کردە سەر ئەم گوندانە بە مەبەستی رزگارکردنیان، خەڵکەکەی لەگەڵ چەکدارانی داعش بەرەنگاری پێشمەرگە بوونەوە، و لە ئەنجامی شەڕێکی گران ژمارەیەکی زۆر خەڵک کوژران و خانووەکان وێرانبوون.

**چەند چالاکوانێکی مەدەنی ئێزیدی کە خەڵکی ناوچەکەن:**

لە دوای کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی باکووری شنگال لەلایەن داعشەوە، دانیشتووە عەرەبەکانی گوندەکانی (جری، سیبا شێخ خلف، خازوکە، ئوم خباری) ژمارەیەکی زۆر گەنجی ئێزیدیان بەشێوەی کۆمەڵکوژی کوشتووە، رفاندویانن و چەندین تاوانی نا مرۆڤییان بەرامبەریان ئەنجام داون. بۆ نموونە: لە دوای ئازادکردنەوەی چیای شنگال هەندێک لە هاووڵاتیانی کوردی ئێزیدی بەدەستی عەرەبەکانی ئەم ناوچەیە کوژران بەتایبەتی لە (جری) کاتێک سەرقاڵی گەران بوون بە شوێن کەسوکارەکانیان و زانینی چارەنووسیان.

لەگەڵ هاتنی داعش و دەست بەسەر داگرتنی ئەم ناوچانە، هۆزە عەرەبەکان هاوکاری داعشیان کردووە بۆ کوشتنی بە کۆمەڵ، رفاندن، بەتاڵانبردنی ماڵی کوردانی ئێزیدی و دەرکردنیان لە ناوچەکە، بەڵام دوای ئازادکردنی چیای شنگال هەندێک لە خانەوادە عەرەبەکان سەرەڕای پەیوەندییان بە داعشەوە لەم دێهاتانە مابوونەوە و پێشمەرگە و ئێزیدییەکان بەهیچ شێوەیەک ئاستەنگییان بۆ درووست نەکردن و دەریان نەکردن. ئەم خانەوادانە لە گوندەکانی خۆیان مانەوە و خەریکی کاری کشتوکاڵی خۆیان بوون تاکو بەرهەمی کێڵگە و باخەکانیان چنیەوە، دواتر بە ویستی خۆیان روویان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش کرد لە موسڵ،تەلعفر و بەعاج.

## <u>بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی:</u>

پێشمەرگە ماڵ و سامانی عەرەبەکانی تاڵان و وێران نەکردووە، بەپێچەوانەوە هاوکاری زۆری عەرەبەکانی کردووە، بۆنموونە کاتی کە گوندی (سهل المالح–کە دانیشتووانەکە جحێشن) لەلایەن پێشمەرگەوە رزگارکرا، راستەوخۆ دوای رزگار کردنی دەزگای خێرخوازی بارزانی یارمەتی مرۆیی گەیاند خەڵکی گوندەکە بۆ ماوەی حەوت رۆژ، بەڵام خەڵکی گوندەکە خیانەتیان لە پێشمەرگە کرد و تەنیا لە یەک رۆژدا 13 پێشمەرگە لەسەر دەستی خەڵکی ئەم گوندە شەهید کران .

دیسان پاش رزگارکردنی گوندەکانی : (شعلان ، نعیم – کە عەشیرەتەکانی شمەڕ و شەرابی و زبێدات و راشد، لێی نیشتەجێن) لەلایەن پێشمەرگەوە، دەزگای خێرخوازی بارزانی بە هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە خۆراک و کەلوپەلی بەسەر نیشتەجێ بووانی ئەو گوندانە دابەشکرد.

سەبارەت بە گوندەکانی (سیبا، سایەر، چری)، هەرچەندە ئەم گوندانە سەرچاوەی سەرەکی هاوکاریکردنی تیرۆریستانی داعش بوون و زۆربەی ئەو کچ و ژنە کوردی ئێزیدیانەی کە لەلایەن داعشەوە رفێندرابوون یەکەم جار لەو گوندانە کۆکراونەوە و دەستدرێژییان کراوەتە سەر، بەڵام هەمیشە پێشمەرگە رێزی لەو عەرەبانە گرتووە کە دەستیان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش نەبووە و هاوکاری ژن و منداڵەکانیان کردووە لە هەر شوێنێک بووبن، بەڵام کاتێک پێشمەرگە هێرشی رزگارکردنەوەی ئەم گوندانەی دەستپێکرد، خەڵکی ئەم گوندانە لەگەڵ چەکدارانی داعش بەرەنگاری پێشمەرگە بوونەوە، و لە ئەنجامی شەڕێکی گران خەڵکێکی زۆر کوژران و خانووەکان وێرانبوون .

هەموو ئاوارەکان: ئێزیدی، عەرەب، شەبەک، مەسیحی، تورکمانە شیعەکان و... تاد، وەکو یەک و بەبێ جیاوازی یارمەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن بەتایبەت لە رووی تەندروستییەوە، و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا ناکرێت .

**لێرەدا پێویستە ئاماژە بە بارودۆخی چەند گوندێکی ناوچەکە بدەین:**

- ئەو گوندانەی کە لەلایەن پێشمەرگەوە رزگارکراون و لەبەر خراپی بارودۆخی ئەمنی خەڵکەکەی ناتوانن لەناویاندا نیشتەجێبن ئەمانەن :( حساويك،سحل، بير جاري، زكو، مجولي، بير قاسم، تل مشرف).
- ئەو گوندانەی کە لەلایەن پێشمەرگەوە رزگارکراون و ئێستا خەڵکی ئەو گوندانە لێی نیشتەجێن و ژیانی ئاسایی خۆیان بەسەر دەبەن بریتین لە: (رجم العبد، النعيم، رمو، ام الخباري، خازوكا).
- ئەو گوندانەی کە لەلایەن پێشمەرگەوە رزگارکراون و دەکەونە هێڵی تەماسی نێوان پێشمەرگە و تیرۆریستانی داعش، بەڵام خەڵکەکەی لێی نیشتەجێن ئەمانەن: (جديدا، عسريه،مجلجا، عبتج شورا، جاسم جمعه، سيحا، مومي، بزونه صغير، بزونه كبير، هلوم، علكانه، عزائم، شعلان، منيف، دعيدع، عبده، مشيرفه، ابو خشب، تل سمير).

هەروەها زۆربەی خانووەکانی گوندە ئێزیدییەکانی دەڤەری شنگال، کە لەلایەن داعش داگیرکراون، تێکدراون .

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی:** ئەو ناوچانەی کە شەڕیان تێدایە و ماڵە عەرەبەکانی ئەو گوندانەی ئیدیعای ئەوە دەکەن کە دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە ناوچەکانیان ئازاد کرد ماڵەکانیان خاپور کراوە، دروس نییە چوونکە داعش لە دوای خۆی ئەم گوندانەی بە وێرانی جێهێشتووە. واتە لە کاتی شکستی تیرۆریستان لە شەڕەکان دا لە دوای خۆیان شوێنەکانیان تەقاندووەتەوە و تەنها ماڵە عەرەبەکان وێران نەکراون، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو ماڵانەی خاپورکراون زیاتر ماڵە کوردەکان بووە و بە هۆی مین ڕێژکردنەوە خاپوورکراون.

لەلایەکی دیکەوە، زۆربەی هەرە زۆری خانووی گوندە ئێزیدییەکانی دەڤەری شنگال، کە لەلایەن داعش داگیرکراون، تێکدراون و ئەمەش پێچەوانەی ئەو دەنگۆیانەیە گوایە پێشمەرگە و کوردەکان خانووی عەرەبەکان تێکدەدەن و ماڵەکانیان تاڵان دەکەن.

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی گشتی (هەولێر):** گوندەکانی (عەلی موراد) کە بریتین لە (سيبا، سايەر، چری، خازۆكا) لەلایەن عەرەبە سوننەکان داگیر کراوە، لە کاتی هێرشی پێشمەرگە بۆ رزگار کردنی ناوچەکە، چەند کەسێک بارودۆخەکەیان بە هەل زانیوە و هەوڵیان داوە دەستدرێژی بکەنە سەر عەرەبە سوننەکان، بەڵام هێزی

پێشمەرگە ڕێگرییان لەم جۆرە ڕەفتارانە کردووە و کۆبوونەوەیان لەگەڵ پیاو ماقوڵانی ناوچەکە ئەنجامداوە، پێیان ڕاگەیاندوون بەهیچ شێوەیەک و بە هەر بیانویەک بێت نابێ تەعدا لە عەرەبە سوننەکان بکرێت.

**وەزارەتی پێشمەرگە**: ئەو ناوچەیە لە ئێستادا ناوچەی شەڕە، و زۆر جار لە لایەن داعشەوە داگیرکراوە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئازادی کردونەتەوە، هەروەها بەردەوام لەکاتی هێرشەکانی داعش فڕۆکەکانی هاوپەیمانان ناوچەکە بۆردومان دەکەن و بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان مەترسییەکی زۆر لەسەر ژیانی هاووڵاتیان درووستکردووە. لەلایەکی دیکەوە بوونی هاووڵاتی مەدەنی لەو ناوچانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان نەتوانن وەک پێویست ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەنن، ئەمەش بووەتە هۆکارێک کە دانیشتوانی ئەم ناوچە ڕزگارکراوانە بە کورد و عەرەبەوە نەتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان چوونکە گەڕانەوەیان لەرووی سەربازییەوە لە بەرژەوەندی داعشدایە.

بەپێی کۆنووسی هەردوو کۆبونەوەی باڵای ژووری عەمەلیاتی هاوبەشی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هاوپەیمانان کە لە ڕێکەوتی 2015/7/27 و 2015/8/10 بە ئامادەبوونی وەزیری پێشمەرگە و نوێنەرانی وڵاتانی (ئەمریکا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، کەنەدا، هۆڵەندا، نەرویج، فینلەندا) ئەنجامدراون، ئەم ژوورە بەردەوام کۆبوونەوەی دەوری خۆی ئەنجام دەدات و یەکێک لە گرنگترین ئەو خاڵانەی باسی لێدەکەن بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانانە لە هەموو میحوەرەکان، و یەکێک لەو ئاستەنگانەش کە رووبەرووی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان دەبێتە بریتییە لە بوونی خەڵکی سڤیل لە چەند ناوچەیەک کە دەکەونە نزیک هێڵی تەماس.

**دەزگای گشتی کاروباری مین:** جگە لە بوردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان کە ڕێگرە لە گەڕانەوەی خەڵکی گوندەکان بە کورد و عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەوە، بوونی مین و تەقەمەنی کە داعش لە دوای خۆی دایدەنێت هۆکارێکی دیکەی نەگەڕانەوەی خەڵکەکەیە. دەزگای گشتی کاروباری مین دەڵێت:" بۆ سەلامەتی گیانی هاووڵاتییان و پاراستنی ژیان و ماڵ و حاڵیان، لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/١ ـەوە دەزگای گشتی کاروباری مین ژوورێکی عەمەلیاتی پێکهێنا و دەستیانکرد بە کارەکانیان لە ناوچەکانی شەڕگە و ئەو ناوچانەش کە ئازادکراون. بوونی مەترسی (مینMine، پاشماوەی جەنگی Explosive Remnants of War/ERW، عبوات ناسفە Improvised Explosive Device/IED) یەک لەو هۆکارە سەرەکیانەیە کە ڕێگری لە گەڕانەوەی خەڵک دەکات بۆسەر ماڵ و حاڵی خۆیان و بە لە ناوبردنیان دەبێتە پاڵنەرێک بۆ گەڕانەوەی هاووڵاتییان بۆ شوێنی نیشتەجێبونیان بە بێ گوێدانە (نەتەوە و ئایین).

بەپێی زانیارییەکانی دەزگای گشتی کاروباری مین، کار و چالاکییەکانی لە ناوچە ئازادکراوەکان دوای دامەزراندنی ژووری عەمەلیات بەم شێوەیە بوو:

## میحوەری گوێر ، مخمور :

لە میحوەری گوێڕ سەردانی نۆ گوند کراوە و پاکسازییان تێدا ئەنجامدراوە،دوو سەد و نەوەد و نۆ مین، پاشماوەی ERWو بۆمبی چێندراوی IED لەناوبراوە، و رووبەری نەوەد هەزار مەتری دووجا پشکنین و چاوساغی بۆ کراوە.

- هەفتانە دوو تیم تەرخانکراوە بۆ سەردانکردنی کەمپی ئاوارەکان و هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییانی ناوچە ئازادکراوەکان لە مەترسی مین و عبوە ناسفە IED.
- بری دوو سەد و شەست و شەش IED لە ناوبراون، سەد و حەفتاوچوار IED و هەشتا و سێ مینی دژە کەسی پوچەڵکراونەتەوە، هەروەها سێزدە پارچە لە پاشماوەی جەنگی ERW لەناوبراوە.
- سێ خانوو و مزگەوتێکی بۆمبرێژکراو پاککراونەتەوە و سێ خانوو و پردێکی بۆمبرێژکراو تەقێندراوەتەوە.
- هەزاران مەتری چوارگۆشە بەهۆی بوونی مین، پاشماوەی جەنگی و عبوە ناسفە پشکێنراون.

## میحوەری کەرکوک:

- بری هەشتا و هەشت مین، پاشماوەی جەنگی ERW، عبوە ناسفە IED لە گوندی (تل الورد) لە ناوبراوە.

## میحوەری رۆژئاوای دیجلە (زوممار- ربیعە) :

- بری چوار هەزار و 482 مین و پاشماوەی جەنگی ERW،لەگەڵ پێنجسەد و حەفتاو دوو عبوە ناسفە لە ناوبراون. هەروەها تیمەکانی دەزگای گشتی کاروباری مین هاوکاری تیمەکانی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی دهۆکیان کردووە بۆ بەهاناوە چوونی زیاترلە شەش هەزار ئاوارەی سنوورەکە.

## میحوەری گەرمەسێر (جەلەولا۔ سعدیە) :

- لە رێگای چوار تیمی هۆشیارکردنەوە، دە هەزار و ٨٨١ ئاوارە (لە کەمپەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان)، سوودمەند بوون لە هۆشیارکردنەوە لە مەترسی مین و پاشماوەی جەنگی و عبوە ناسفە.
- سەردان و پشکنینی چەند گوندێکی سەر بە ناحیەی جەلەولا کراوە لەوانە:(حسینیە، بایزە، گحافە، سید احمد، تەبج). لەم گوندانە (530) مین ، پاشماوەی ERWبۆمبی چێندراو IED لەناوبراوە.
- دابەشکردنی دەهەزار و 495 پۆستەر و نامیلکە بەسەر ئاوارەکانی ئەم سنورە.
- پوچەلکردنەوەی شەش سەد و چل و دوو لە مین MINE & ERW و مینی چێندراو IED.

- رووبەری سێسەد و دە هەزار و 900 مەتر دووجا پشکنینی بۆ کراوە بەهۆی مەترسی بوونی مەترسی مین و IED لەو ناوچانە.
- دروستکردنی بەربەست بە درێژایی چوار هەزار و 850 مەتر دووجا و بە بەرزی ١,5 مەتر.
- پێنج سەد و بیست و هەشت هەزار و 726 مەتر دووجا نیشانەڕێژ کراوە بۆ پاککردنەوەیان لەناو شارۆچکەی جەلەولا.
- پاککردنەوە و رادەستکردنی کێلگەیەکی مین لە نزیک گوندی (علی خلف) بە رووبەری بیست و حەوت هەزار مەتر دووجا (کە زۆرینەی دانیشتواونەکەی عەرەبن).
- پشکنین بە ئامێری تایبەت بۆ رووبەری حەڤدە هەزار و شەش سەد مەتر دووجا بۆ رێگای نێوان شارۆچکەی جەلەولاو گوندەکانی دەورو بەری.

لە ئەنجامی چالاکی تیمەکانی سەربە دەزگای گشتی کاروباری مین لەو ناوچانەی کە ئازادکراون لە ژێر دەستی داعش و لە رێکەوتی ٢٠١٤/١٠/٢٨، (٤) چوار کارمەندی ئەم دەزگایە شەهید بون ٣ی دیکەش بریندار بوون. هەروەها ئەم دەزگایە یادشاتنامەیەکی لێکتێگەیشتن(MOU) لەگەڵ رێکخراوی (iMMAP) و لایەنی پەیوەندیدار لە بەغدا واژۆ کردووە، بۆ ئەوەی لەو ناوچە ئازادکراوانەی شەڕی داعش کە هاوبەشن لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق پێکەوە کار بکەن بۆ پاککردنەوەی ئەو ناوچانە و زانیاری و داتاکان هاوبەش بکەن.

بە شێوەیەکی گشتی تەنیا لە کەرکووک لەسەرەتای شەڕی داعشەوە تاوەکو ئێستا هێزەکانی پووچەڵکردنەوەی بۆمب و تەقەمەنی "حەوت هەزار" بۆمبی چێندراوی چەکدارانی داعشیان لە ناوچەکانی باشوور و رۆژئاوای کەرکووک، میحوەرەکانی داقوق و خورماتوو پوچەڵکردووەتەوە، بەشێکیش لە تەقەمەنییەکانیان تەقاندووەتەوە.

بەشێک لەناوچەکان، کە لەژێر کۆنترۆڵی داعش بوون ئێستا لەلایەن پێشمەرگەوە کۆنترۆلکراون و تاوەکو ئێستاش رۆژانە بۆمب و پاشماوەی جەنگییەکانی داعشی تێدا دەتەقێتەوە و بەشێکی دیکەشییان هەڵمەتی کێومالکردنی بۆ ئەنجامدەدرێت.

چەکدارانی داعش بۆ رێگریکردن لەهێرشی هێزەکانی پێشمەرگە هەزاران بۆمب و تەقەمەنییان لەو ناوچانە چاندووە، کە کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵییانەوە، هەربۆیە زۆرجار بەشێک لەو تەقەمەنییانە بەخۆشیاندا دەتەقێنەوە.

ئەو بۆمب و تەقەمەنییانەی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بەکاردێت، وەک تیم و ئەندازیارانی بواری پوچەڵکردنەوە دەڵێن زۆر پێشکەوتون و دروستکراوی خۆیانن و هەندێکیان لەسەر شێوەی ئەو تەقەمەنییانە دروستکراون کە پێشتر رێکخراوی ئەلقاعیدە بەکاریهێناون.

**بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی (هەولێر):** بەشێک لەو عەرەبانەی ناوچەکەیان جێهێشتووە، لە ڕیزی داعش دژی پێشمەرگە شەر دەکەن و لە کردەوە تیرۆریستییەکان بەشدار بوون، لەمانگی 6/ی 2014 وە (322) کەس دەستگیرکراون بە تۆمەتی پەیوەندییان بە داعشەوە، لەو (322) کەسە (83) یان ئازادکراون و (239) کەس ماونەتەوەو لە ژێر لێکۆڵینەوەدان و بۆیان هەیە پارێزەر بگرن و کەس و کاریشیان دەیانبینن، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێک لە کەسوکاری ئەم گیراوانە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشن، ناتوانن سەردانیان بکەن لە هەرێمی کوردستان.

## مەخمور و قەراج و گوێڕ:

قەزای مەخمور دەکەوێتە هێڵی تەماسی نێوان پێشمەرگە و داعش. ئەو ناوچەیە کێشەی زۆری هەیە و بەردەوام شەڕی تێدا روو دەدات، هەروەها فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بەردەوام مۆڵگەکانی داعش لە ناوچەکە بۆردومان دەکەن، بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دابەشبوونی گوندەکانی ناوچەکە بەم شێوەیەیە:

١ .ژمارەی گوندەکان (115) گوندە کە (77) گوندیان کوردە و هیچ ماڵە عەرەبی تێدا نەبووە، ئێستا ئەم گوندانە هەموویان بە هۆی شەڕی داعشەوە چۆڵ کراون، تاپۆی زەوی لەم گوندانە بە ناوی کوردە و عەرەب لەم گوندانە هیچ موڵکیان نییە.

٢ .لە دەشتی قەراج ژمارەیەک گوندی عەرەب نشین هەیە کە هەمووی لەژێر دەستی داعشدایە تەنها گوندەکانی (جدیدە، عەلیاوە، گۆیبیە، تەل ریم، جارڵلا) نەبێت کە لە دەست پێشمەرگەدان، بەڵام کەوتوونەتە هێڵی تەماس و لەلایەن داعشەوە بەردەوام بۆردومان دەکرێن بۆیە خەڵکەکەی چۆڵیان کردووە.

٣ .کاتێك کە گوندەکانی ئەم ناوچەیە لەلایەن پێشمەرگەوە ئازاد دەکرێن دەرکەوتووە کە داعش ئەم گوندانە بۆمبرێژ دەکات و تا ئێستا ژمارەیەك پێشمەرگە بەهۆی تەقاندنەوەی خانووەکانەوە شەهید بوون.

### مەخمور:

### موشیر دەستەی نەزاهە:

بەپێی سەرچاوەکانمان لە تۆڕی زانیاریی تایبەت بە لیژنە: هەندێک لە عەرەبەکانی دانیشتووی ناوەندی مەخمور پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە، هەشت گوند لەو گوندانەی مەخمور کە ئازادکراون، بەهۆی نزیکییان لەهێڵی

تەماس و ئەستەمی گەیشتنی خزمەتگوزارییەکان تا ئێستا ئاوەدان نەکراونەتەوە، کە ئەمانەن(گەڕەسۆر، مشار، گوندی هەوارغەر، دوگرتکان حاجی علی، دوو گرتکان حاجی حسین، گەڕەبەشە، سیرمە، ملعێجلە).

پێنج گوندیش لەو گوندانە لەکاتی شەڕی داعش لە دژی پێشمەرگە شەڕیان کردووە و خەڵکەکەی چوونەتە ریزی تیرۆریستانی داعش و پێشمەرگەیان شەهید کردووە، کە ئەمانەن(جدیدە، گوندی گوبیبە، جار الله، عەلیاوە، تەل ریم).

## وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان:

ئەو گوندانەی کە دانیشتوانەکەی عەرەبن و دەکەونە سەر هێڵی تەماس و ئێستا چۆڵ کراون لە سنووری قەزاری مەخمور (٣) گوندن کە ئەمانەن: نعنعە(عەرەب) زناوێر (عەرەب)، رواڵە (کورد و عەرەب) .

ئەو گوندانەی کە دانیشتوانەکەی عەرەب و دەکەونە نێوان موسڵ و گوێڕ، بەڵام سەر بە موسڵن و دەکەونە هێڵی تەماسەوە هەندێکیان چوونەتە ریزی داعشەوە و هەندێکیان لەژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانن ژمارەیان (٧) گوندە کە ئەمانەن (مطنطر، دوێزات حمید نایف، تلشعیر، سلطان عبداللە، مکوک، صلاحیە).

هەردوو گوندی ( عەلیاوە و جدیدە) لە قەزای مەخمور دانیشتوانەکەی عەرەبن ئێستا لەژێردەسەڵاتی پێشمەرگەدان، هەندێک لە خانووەکانی تێکدراوە، چونکە کاتێک کەوتنە دەست داعش هەموو خانووەکانیان مینرێژ کرد و بەشێکیان تەقێندرایەوە و بووە هۆی شەهید بوونی ژمارەیەک پێشمەرگە.

## نەجات عەلی فاتم، مەخمور:

1. ئەو گوندانەی لە سنووری شارۆچکەی مەخمور کە لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگە ئازاد کراون و تا ئێستا چۆڵن بریتین لە: (کێلەشین,مشار,وادی ئەلغراب, تەل ریم , قەلاتەسۆران, عەلیاوە, جدیدە, گوبیە, جارەڵلا, کەرمردی, گەزۆک, گەڕەبەشە) سەرجەم خەڵکی ئەم گوندانە لەبەر نزیکییان لە بەرەکانی جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوەی داعش, خۆیان ناگەڕێنەوە شوێنەکانیان.
2. ئەو گوندانەی دوای ئازادکردنەوەیان لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگە دانیشتوانی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان بریتین لە: (پالانی, گەڕەسۆر, گرون, پیرداود سوان, دوگردکان, سیرمە, سەلماس) کە سەرجەمیان گوندی کورد نشینن، بەڵام هیچ گوندێکی عەرەب نشین خەڵکەکەی نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، چونکە سەرجەم ئەو گوندانە دەکەونە هێڵی تەماس و لە بەرەکانی جەنگەوە نزیکن.

3. ئەو گوندانەی دەکەونە هێڵی تەماس لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش بریتین لە (تەل ریم, جارەڵلا, کەرمردی, گوبیبە, دوگردکان) کە هێزەکانی پێشمەرگەی لێیە.
4. ئەو گوندانەی کە بەشێک لە دانیشتووانەکانیان پەیوەندیان بە داعشەوە کردووە بریتین لە گوندەکانی: (تەل ریم, عەلیاوە, جدیدە, گوبیبە, جارەڵلا, وادی غراب, کەرمردی).
5. ئەو گوندانەی کە داعش تیایاندا بەرگری کرد ئەمانەن: (تەل ریم, عەلیاوە, جدیدە, گوبیبە, جارەڵلا, کەرمردی) کە سەرجەمیان گوندی عەرەب نشینن.
6. لە سنوری شارۆچکەی مەخمور هیچ گوندێکی عەرەب نشین دانیشتوانی تیدا نەماوە لەبەر بارودۆخی ئەمنی ناوچەکە و هاوسنووریان لەگەڵ چەکدارانی داعش وە بۆ ئەوەی نەبن بە مەترسی بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە پشت چەپەرەکانی هێزی پێشمەرگە.

## قەراج:

بە گشتی (25) گوند لەدەوروبەری ناحیەی قەڕاج هەن کە هێشتا لەژێر دەستی چەکدارانی داعشدان، کە ئەمانەن: (خربانیە، راشدیە، محمودیە، دۆرنگی، فگومە، حدیقە، دیوانە، گردەهارە، لاکچە (3چەکداریان کوژراوە)، قیرالید، گرد گلێخە(22 چەکداریان لەریزی داعش کوژراوە)، خەندقی گەورە و بچووک (5 چەکداریان لەریزی داعش کوژراوە)، لزگە (10 چەکداریان لەریزی داعش کوژراوە)، پاشبەند، خضرە، عدلە، عنکاوە، خطاب، قودیلە، خربەردان، خرابە جبر ، تشیالە، حاجی علی، کرمردی ، کیرۆک).

10 ئەو گوندە کوردنشینانەی ناحیەی قەراج کەلەژێر دەستی داعش ماون و ئازاد نەکراون ئەمانەن: ( گردەبۆر ، گردەچاڵ،دنیگاوە، تەلمەتار، دووسەرە ژێر، چوکش، حوشترالوک، شۆرەپەلکە، حەسارۆک، قوچ).

## ناوچە ئازادکراوەکانی ناحیەی (قەراج) کە ئاوەدان نەکراونەتەوە:

- ناوەندی ناحیەی قەراج کە دانیشتووانەکانی پێکهاتوون لە کورد وعەرەب لەبەر ئەوەی هێڵی تەماسە ، ئاوەدان نەکراوەتەوە هەروەها هەندێک لە عەرەبەکان چوونە ریزی داعش.
- گوندی ڕواڵە عەرەب نشینە دەکەوێتە هێڵی تەماسەوە، دانیشتووانی شەڕیان کردووە لە دژی پێشمەرگە و پێشمەرگەیان شەهیدکردووە، هەروەها دانیشتوانی زۆربەی گوندە عەرەب نشینەکانی دیکەی ناحیە قەراج هاوکار ی جۆراوجۆری داعشیان کردووە و پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە.

## وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان:

لە دەشتی قەراج (٧٧) گوندی کورد هەیە چۆڵ کراون بۆ پاراستنی دانیشتوانەکەی لە هێرشی داعش.

## گوندە کوردنشینەکانی ناحیەی قەراج کە ئاوەدان نەکراوەتەوە:

(١٣) لەو گوندە کوردنشینانەی دەوروبەری ناحیەی قەراج ئاوەدان نەکراونەتەوە، بە هۆی نزیکیان لە هێڵی تەماس کە ئەمانەن: (کونە سیخور، مستاوە، سلماس ، گردخۆشەنە، گۆڵگامێشە، قوچە سبیلکە، برایم باول، لاسۆر، گردەپان، گۆمەشین، خەزنە، گەزۆک، کلشخان).

(١٠)لەو گوندە کوردنشینانەی ناحیەی قەراج کە لە دوای ئازاکردنیان نزیکەی ٥٠ % ی ئاوەدان کراوەتەوە ئەویش ئەمانەن( گوندی ئازی کەند ، گوندی محل اومران، گوندی قەراتەسۆران مەرزانی، گوندی عەلیە رەش،گوندی گرد گراوی،گوندی پەردی سپی،گوندی چوار گۆمان، گوندی پونگینە، گوندی گولتەپە، گوندی دووسەربالا).

## نەجات عەلی فاتم:

لەگەڵ ڕزگارکردنی ناحیەی قەراج لە بەرواری (2014/8/24) لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگە ئەو گوندە کورد نشینانەی کە ئازادکران ئەمانە بوون:

(ئازیکەند, قەڵاتە سۆرانی مەرزان, عەلیە ڕەش, بەردی سپی, چوارگۆمان, گردی گڵاوی, پونگینە, لاسۆر, برایم باول, گردەڕەشە, دووسەرە باڵا, گردە بۆر, گردەچاڵ, قوچەسپیلکە, گولگامیشە, سێ گردکان, مەحمەل ئۆمەران, گرد خۆشەنە, سەلماس, کونە سیخوڕە, خەزنە, گەزۆک, گردی بەگۆم, موحسیناوە, گردەپان, گۆمەشین, شۆڕەپەلکە),

گوندەکانی سنووری ناحیەی قەراج هەموو دانیشتوانەکەیان کورد نشینن و هیچ گوندێکی تێدا نییە کە دانیشتوانەکەی لە کورد و عەرەب پێک هاتبێ جگە لە گوندی(ڕواله) نەبێت کە دانیشتوانی پێکدێن لە کورد و عەرەب.

ئەو گوندانەی لە سنووری ناحیەی قەراج کە لە دوای ئازادکردنەوەیان چۆڵن: (لاسۆر, برایم باول, گردە ڕەشە, گردەبۆر, گردەچاڵ, قوچەسپیلکە, گولگامیشە, خەزنە, گردەپان, گۆمەشین, شۆڕەپەلکە, سێ گردکان, گردخۆشەنە, کونە سیخوڕە, گردی بەگۆم, موحسیناوە, ڕواله).

ئەو گوندانەی لە دوای ئازادکردنەوەیان لەسنووری ناحیەی قەراج دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان گوندی کورد نشینن بریتین لە: (ئازیکەند, قەڵاتەسۆرانی مەرزان, عەلیە ڕەش, بەردی سپی, چوار گۆمان, گرد گڵاوی, پونگینە, دووسەرە باڵا, مەعمەر ئۆمەران).

ئەو گوندانەی لەسنووری ناحیەی قەراج کە کەوتونەتە هێڵی تەماس لە نێوان هێزی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش ئەمانەن: ( لاسۆر برایم باول, قوچەسپیلکە, شۆڕەپەلکە, ڕواڵە).

بەشی هەرەزۆری دانیشتوانە عەرەب نشینەکانی سەنتەری ناحیەی قەراج پەیوەندیان بە چەکدارانی داعشەوە کردووە لە دژی هێزەکانی پێشمەرگە. هەروەها گوندەکانی (ڕواڵە, مەحمودیە, خەربانی, سەرناجی گەورە, لەزاگە, گردیوانە, خزرە, حەرفوشیە, عەنکاوە, خەتاب, بندیانی ڕۆژهەڵات, بندیانی ڕۆژئاوا, دۆمەدریس, لاکچە)جگە لە گوندی (ڕواله) سەرجەمیان لەژێر دەسەڵاتی داعشدان.

لە سەنتەری ناحیەی قەراج و گوندەکانی (ڕواله, پونگینە, گردە ڕەشە, شۆڕەپەلکە) لە کاتی ئازاد کردنەوەیان چەکدارانی داعش تیایدا بەرگریان کردوە.

لەسنووری ناحیەی قەراج سەرجەم گوندەکان کە کەوتونەتە سەر هێڵی تەماس لە نێوان هێزی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش چۆڵن ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەن بارەگای هێزەکانی پێشمەرگەیان تێدایە، ئەوانی دیکەش کەوتوونەتە ژێردەسەڵاتی چەکدارانی داعشیان.

## گوێر:

## وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان:

ئەو گوندانەی خوارەوە لە ناحیەی گوێڕ دەکەونە هێڵی تەماس لە نێوان هێزی پێشمەرگە و داعش و ئێستا کەسی تێدا نییە: مطرادە شەرابی (عەرەب)، ابو شیتە (عەرەب)، زمارەی عبداللە ( کورد و عەرەب)، زمارەی گەورە (کورد)، ساقیە (کورد و عەرەب)، کوشاف (فوقانی (عەرەب)، کوشاف تەحتانی( کورد).
هەردوو گوندی (سێچالە) کە دانیشتوانەکەی کوردن و گوندی (دەرمان ئاوە) کە دانیشتوانی عەرەبن، چۆڵ کراون چونکە داعش دەتوانێت بۆردومانیان بکات.
پێکهاتەی دانیشتووانی سەنتەری ناحیەی گوێڕ پێکهاتووە لە کورد و عەرەب، بە هۆی نزیکی لە هێڵی تەماسەوە ئاوەدان نەکراوەتەوە، هەروەها نزیکە 85%ی عەرەبەکان پەیوەندیان بە داعش کردووە و شەڕیان دژی پێشمەرگە کردووە.

## ئەو گوندە عەرەب نشینانەی گوێڕ کە ئاوەدان کراونەتەوە:

ئەو گوندە عەرەب نشینانەی لە گوێڕ کە ئاوەدان کراونەتەوە و ئەمانەن (شەرائع، ابو جەردە، هەویرە، مرگێبە)، بەڵام هەردوو گوندی (ابو شیتەو خالند) لە گوێڕ کە عەرەب نشین ئاوەدان نەکراوەتەوە.

## وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان:

ئەو گوندە عەرەبانەی ناحیەی گوێڕ کە دانیشتوانی عەرەبن و دەکەونە ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە و هیچ کێشەیان نییە ژمارەیان ١١ گوندە کە ئەمانەن: خالند (٥٠٠ خێزان)، (هەوێرە ١٥٠ خێزان)، (حوێجگە ٨٠٠ خێزان)، (الشرایع ٢٠٠)، (مچلوبە ٦٠٠ خێزان)، (ابو جردە 1000 خێزان)، (ابو جردە جدیدە ٥٠٠ خێزان)، (همدان طراش ٢٠٠ خێزان)، (ملا علی داود ٦٠٠ خێزان)، (مجید خلیفە ٥٠ خێزان).
گوندی ( شامامەڕ) دانیشتوانەکەی لە کورد و عەرەب پێکهاتووە و هیچ کێشەیان نییە.

## نەجات عەلی فاتم:

لە بەرواری (2014/8/10) سەنتەری ناحیەی گوێر و ئەو گوندانەی دەکەونە سەر ڕێگای (هەولێر-گوێڕ) ئازادکراون, سەرجەم ئەو گوندانەی کە لە سنووری ناحیەی گوێڕ لە ژێر دەسەڵاتی داعش ئازادکراون بریتین لە: (گعێتل, زاگە, شەمشولە, گامێشتەپە, کلاوڕەش, ماجید, کەپران, تەل خێم, زمارەی مەرجان, زمارەی گەورە, کوشافی کورد).

گوندە عەرەب نشین ئازادکراوەکانیش ئەمانەن: (سێچالە, مەچلوبە, حەویچکە,شەرایع, مەجید خەلیفە, ئەبو جەردەتاڵ, ئەبوجەردەکۆن, تراش, عەلی مەلاداود, ئوم مەرگیبە).

ئەو گوندانەی دانیشتوانەکەی پێک دێن لە کورد و عەرەب بریتین لە: (ئەبوشیتە, هەویرە دەرمانەوە, زمارەی عەبدوڵلا, ساقیە, کوشافی عەرەب).

1. ئەو گوندانەی کە کوردو عەرەب تێدا نیشتەجێن بریتین لە (, دەرمانەوە, کوشافی عەرەب, , ساقیە, زمارەی عەبدوڵلا, ئەبوشیتە, هەوێرە).
2. سەنتەری ناحیەی گوێڕ و گوندەکانی(کوشافی کورد, کوشافی عەرەب, زمارەی گەورە, ساقیە زمارەی مەرجان, زمارەی عەبدوڵلا, سێچاڵە, دەرمانەوە, کەپران, ئەبوشیتە, گعێتل) تا ئێستا ئەو گوندانە چۆڵن، چونکە دەکەونە سەر هێڵی تەماس تەنها گوندەکانی (دەرمانەوە, سێچاڵە) نەبێت.
3. گوندەکانی (هەوێرە, گعێتل, شەمشولە, زاگە,دەرمانەوە, ماجید,کلاوڕەش, گامێشتەپە, تەل خێم)دوای ئازادکردنەوەیان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان.

4. ئەوگوندانەی لەبەر هاوسنووریان لەگەڵ چەکدارانی داعش خەڵکەکەی ناگەڕێنەوە شوێنی خۆیان بریتین لە:(گعێتل, ئەبوشیتە,کەپران, سەنتەری ناحیەی گوێڕ, زمارەی عەبدوڵلا, زمارەی مەرجان, زمارەی مەرجان, زمارەی گەورە, ساقیە, کوشافی کورد, کوشافی عەرەب).
5. سەنتەری ناحیەی گوێڕ و خەڵکی گوندەکانی (ابوشیتە, شەرایع, حەویجکە, مەچلوبە, ئوم مرگیبە) پەیوەندیان بە چەکدارتنی داعش کردووە و لە دژی هێزەکانی پێشمەرگە جەنگاون.
6. ئەوگوندانەی لە سنووری ناحیەی گوێڕ کە مەترسین بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە و لە ڕوی پێدانی زانیاری بە دوژمن(خاڵند, ابوشیتە, ئوم مرگیبە, حەویجکە,شەرایع, ئەبو جەردەی کۆن, مەچلوبە, سێچاڵە,هەوێرە).

## ڕۆژئاوای کەرکوک (دوبز):

### موشیر رەشید- دەستەی نەزاهە

لە میحوەری رۆژئاوای کەرکوک (دوبز) لەلایەن خەڵکی گوندە عەرەب نشینەکان مین دانراوەتەوە لەبەردەم هێزی پێشمەرگە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش پێشمەرگە هیچ کاردانەوەیەکی توندی نەبووە. هەروەها داعش بەناوی گوندەکانی (مرعە و توێلحە) هاتوونە نزیک هێڵی تەماسی پێشمەرگە بۆ دانانەوەی مین و لەم ڕوووەوە شەش مین داندراوەتەوە کە دوویان تەقیوەتەوە و چواریان هەڵگیراوەتەوە لە سنووری لیوای (١٠) پیادە لە میحوەری ڕۆژئاوای کەرکوک (دوبز).

بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان بەشێک لە هاووڵاتیانی عەرەبی نزیک هێڵی تەماس هاتوونەتە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و لە کەمپەکاندا نیشتەجێکراون و سەرەڕای پاراستنی ژیانیان هاوکاریی کراون و ئەوانی تر پەیوەندییان بە ریزەکانی داعشەوە کردووە.

گوندەکانی (غەرە - گڕاو - چرت) لە هێڵی تەماس نزیکن بۆیە چۆڵ کراون، بەشێکی زۆری ژن و منداڵەکانیان هاتوونەتە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە و لە کەمپەکان نیشتەجێکراون ، بەڵام ئەوانی تر پەیوەندیان بە داعشەوە کردووە.

ئەو گوندانەی شەڕی تێدا بووە فڕۆکەی هاوپەیمانان هێرشی کردووە وەخەڵکی گوندەکان خۆیان خانووەکانیان سووتاندووە و تەقاندویانەتەوە یان مین ڕێژیان کردووە و پێشمەرگەی تێدا بووەتە قوربانی ئەمانەن:

(سمایلاوە، سخرە، گوبەی). لە سمایلاوە داعش گەڕەکێکی بە تەواوەتی وێران کردووە و چوار پێشمەرگەی شەهید کردووە. هەروەها لە گوندی کوشاف پێشمەرگەیەک بە ناوی(محمد باوە) شەهید کرا بەهۆی تەقینەوەی خانوو، هەروەها داعش پردی (مەلا عبدالله)شی تەقاندۆتەوە.

ئەو گوندە عەرەب نشینانەی کە لە سنووری دەسەڵاتی پێشمەرگەدایە و خانووەکانیان وێران نەکراوە بریتین لە:

( مرعە، توێلحە، الخ).

## ناوچەی کاکەیی نشین

## ئەمەل کاکەیی : ڕۆژنامەنوس و چالاکوان

## گوندە کاکەیی نشینەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش

پارێزگای موسڵ

قەزای حەمدانیە- قەرەقۆش

بەرواری راگواستن 2014/8/7

گوندی وەردەک قەزای حەمدانیە ناحیەی نەمرود

ژمارەی خێزانەکان -٦٥٠ لەکاتی ڕاگواستن

ئێستا لە هەولێر، خەبات، کۆیە، کەرکوک نیشتەجێن

## گوندی کبەرلی/ قەزای حەمدانیە/ناحیەی قەرەقۆش

ژمارەی خێزانەکان/430 خێزان لە کاتی ڕاگواستن

ئێستا لە هەولێر،خەبات،کۆیە، کۆمەڵگای کەورگۆسک، تۆبزاوە نیشتەجێن

## گوندی کزکان/قەزای حەمدانیە/ناحیەی قەرەقۆش

ژمارەی خێزانەکان/450 خێزان لە کاتی ڕاگواستن

ئێستا لە  خەبات،کۆیە، کەرکوک نیشتەجێن

## گوندی تەل لەبن/قەزای حەمدانیە ناحیەی کەلەک

ژمارەی خێزانەکان/658 خێزان لە کاتی ڕاگواستن

ئێستا لە هەولێر، خەبات، کۆیە، ڕانیە، تۆبزاوە نیشتەجێن

## گوندی کولەبور(ئەلمەجیدیە)قەزای حەمدانیە ناحیەی کەلەک

ژمارەی خێزانەکان/132 خێزان لە کاتی ڕاگواستن

ئێستا لە هەولێر،خەبات ، تۆبزاوە نیشتەجێن

ناوی موختار/سەلاح عزیز

## ئەوکاکەییەیانەی لە ناوەندی قەزای حەمدانیە ڕاگوێزراون

-١٥٧-  خێزانی کاکەییەکان لە قەزای حەمدانییە راگوێزراون وئێستا لە هەولێر، خەبات نیشتەجێن

## کاکەییەکان لە ناوەندی موسڵ

ژمارەی خێزانەکان/400 خێزان

تێبینی/ گەڕانەوەی کاکەییەکان لە ناوەندی پارێزگای موسل(400) و گوندی کەربلی (430) و گوندی وەردەک (650) ، گوندی کەزکان(450) لەبەر ئەوەی دانیشتوانەکەی عەرەب نشینن.

## سەرگەڕان:

گوندەکانی سەر بە ناحیەی سەرگەڕان لە قەراج کە ئازاد کراون و ئاوەدان نەکراونەتەوە بە هۆی ئەوەی دەکەونە سەر هێڵی تەماس ئەمانەن: (بیرمەهێدی، گڕان).

٥ گوندی ناحیەی سەرگەڕان لەژێر دەستی داعش دان ئەمانەن (هەمین مردی، دوازدە هەوار، چواربەردان، قەراتەسۆرانی بامەندان، گردی ڕەوە).

ئەو گوندەکانی ناحیەی سەرگەڕان کە خەڵکەکەی هاوکاری داعش دەکەن بریتین لە (سارتکە (12) چەکداریان لەریزی داعش کوژاروە، خازر، گوپە).

## نەجات عەلی فاتم، چوارەم:

لە سنووری ناحیەی سەرگەڕان دوای ئەوەی چەکدارانی داعش لە مانگی (2014/8)هێرشیان کرد بۆ ناوچەکە تا ئێستا لە سنووری ئەو ناحیە هیچ گوندێک ئازاد نەکراوەتەوە.

ئەو گوندانەی لە سنووری ئەو ناحیە لە ژێر دەسەڵاتی داعش دان بریتین لە گوندە کورد نشینەکانی: (چواربەردان, گردی ڕەوا, هەمزەاغا,هەمین مردی, دوازدەهەوار), و گوندە عەرەبەکانی بریتین لە (سارتک, گوبە).

ئەو گوندانەی لە سنووری ناحیەی سەرگەڕان دەکەونە سەر هێڵی تەماس بریتین لە گوندەکانی (گڕاو, سێبیران, مهێدی) تا ئێستا چۆڵن لە بەر مەترسی ئەمنی و هاوسنووریان لەگەل چەکدارانی داعش.

گوندەکانی(سارتک, گوبە) کە گوندی عەرەب نشینن لەسنووری ناحیەی سەرگەڕان بەشی زۆری دانیشتوانەکەیان پەیوەندیان بە چەکدارانی داعش کردووە.

لە سنووری ناحیەی سەرگەڕان دانیشتوانی گوندی (دڕکەی عەرەب) مەترسی زۆریان هەیە بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە، چونکە زانیاریی بە تیرۆریستانی داعش دەدەن.

## خشتەی پێکهاتەی هەندێک لە گوندەکانی ( مەخمور، گوێڕ، قەراج) و هۆکاری نەگەڕانەوەیان

| ژ | ناوی گوندەکان | ناحیە | پێکهاتە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پاڵانی | مەخمور | کورد | خەڵکەکەی گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی |
| 2 | گرەسۆر | مەخمور | کورد | خەڵکەکەی گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی |
| 3 | گڕون | مەخمور | کورد | خەڵکەکەی گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی |
| 4 | پیرداود سوان | مەخمور | کورد | خەڵکەکەی گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی |
| 5 | کێلەشین | مەخمور | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 6 | مشار | مەخمور | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 7 | سیرمە | مەخمور | کورد | خەڵکەکەی گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی |
| 8 | سەلماس | مەخمور | کورد | خەڵکەکەی گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی |
| 9 | گەزۆک | مەخمور | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 10 | دوگردکان | مەخمور | کورد | خەڵکەکەی گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی |
| 11 | قەلاتە سۆران | مەخمور | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 12 | گەڕە بەشە | مەخمور | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 13 | تەل ڕیم | مەخمور | عەرەب | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 14 | عەلیاوە | مەخمور | عەرەب | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 15 | جدیدە | مەخمور | عەرەب | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 16 | گوێبیە | مەخمور | عەرەب | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 17 | جارەڵلا | مەخمور | عەرەب | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | واد ئەلغراب | مەخمور | کورد وعەرەب | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 19 | گعێتل | گوێڕ | کورد | لەسەردەمی ڕژێمی بەعسەوە چۆڵکراوە |
| 20 | زاگە | گوێڕ | کورد | خەڵکەکەی گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی |
| 21 | کالاو ڕەش | گوێڕ | کورد | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 22 | ماجید | گوێڕ | کورد | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 23 | کەپران | گوێڕ | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 24 | تەل خێم | گوێڕ | کورد | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 25 | زمارە مەرجان | گوێڕ | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 26 | زمارەی گەورە | گوێڕ | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 27 | کوشافی کورد | گوێڕ | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 28 | سێچاڵە | گوێڕ | عەرەب | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 29 | مەچلوبە | گوێڕ | عەرەب | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 30 | حەویجکە | گوێڕ | عەرەب | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 31 | شەرایع | گوێڕ | عەرەب | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 32 | مەجید خەلیفە | گوێڕ | عەرەب | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 33 | ئەبو جەردە تال | گوێڕ | عەرەب | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 34 | ئەبو جەردە کۆن | گوێڕ | عەرەب | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 35 | تراش | گوێڕ | عەرەب | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 36 | عەلی مەلا داود | گوێڕ | عەرەب | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 37 | ئوم مرگێبە | گوێڕ | عەرەب | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 38 | ئەبو شیتە | گوێڕ | کورد وعەرەب | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 39 | هەوێرە | گوێڕ | کورد وعەرەب | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 40 | دەرمانەوە | گوێڕ | کورد وعەرەب | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 41 | زمارەی عەبدوڵلا | گوێڕ | کورد وعەرەب | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 42 | ئازیکەند | قەراج | کورد | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 43 | قەڵاتە سۆرزنی مەرزان | قەراج | کورد | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 44 | عەلیە ڕەش | قەراج | کورد | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 45 | بەردی سپی | قەراج | کورد | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 46 | چوارگۆمان | قەراج | کورد | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 47 | گردی گڵاوی | قەراج | کورد | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 48 | پونگینە | قەراج | کورد | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 49 | لاسۆر | قەراج | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 50 | برایم باول | قەراج | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 51 | گردە ڕەشە | قەراج | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 52 | دووسەرە باڵا | قەراج | کورد | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 53 | گردە بۆر | قەراج | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 54 | گردە چاڵ | قەراج | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 55 | قوچە سپیلکە | قەراج | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 56 | گولگامێشه | قەراج | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 57 | سێگردکان | قەراج | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 58 | مەحمەل ئۆمەران | قەراج | کورد | دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان |
| 59 | گرد خۆشەنە | قەراج | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |
| 60 | سەلماس | قەراج | کورد | لەبەر بارودۆخی ئەمنی چۆڵکراوە |

## شنگال:بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدیەکان لە وەزارەتی ئەوقاف

**باکووری چیای شنگال**: ئەو گوند و کۆمەڵگا و شارەدێیانەی کە لە  باکووری چیای شنگال رزگارکراوان و ئێستا کورد و عەرەب تێیدا دەژین ژمارەیان ٢٨ گوند (سیحا، سیبا عەزام، شەعلان، گری رزکا، کولات، کرشبک، کورمز، زیروان ، شۆرکا، بارا ، قەنی ، جمی جەفرا، قوجا جەمی، شنانیک، گوڵخان، تربکا، قویس ، حەسارێ ، حلقی گوندی قیرانکێ، جفریی، بارا، قاسم مەلکو ، داود رەشوکا، کەنداله، مەلەک، سمی هێستر، کولکا، کرسی)، و 8 کۆمەڵگا (حەردان، زۆراڤا، کوهبل، بۆرک، دەهولا، دووگری، خان سوور، ناحیەی سنوونی)یە.

ئەو گوندانەی دوای رزگار کردنیان چۆڵ کراون و خەڵکەکەی لە کورد و عەرەب و پێکهاتەکانی دیکە پێکهاتوون، ژمارەیان (٢3) گوندە کە ئەمانەن ( گرێ زرکا، سایر، چرێ، خازۆکا، ئوم خەباری، هەلوم، رجم العبد، تەل مشرف، بئر قاسم، سەحل، حەساویک، زکو، جەدیدە الفاو ، بەنی سەبعە، عەلی هیلال، مجولێ، قاسم مەلکو، بارا، داود ڕەشوکا، جفیرێی، زیروان، کورمز، گرشەبەک).

ئەو گوندانەی کە دەکەونە نزیک هێڵی تەماس لە باکووری چیای شنگال و خەڵکەکەی ناتوانن بگەڕێنەوە ئەمانەن: (خرانیا، برانا، گرشەبەک، کورمز، بارا، قاسم مەلکو).

ئەو گوندە عەرەبانەی کە خەڵکەکەی پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە لە باکووری چیای شنگال بریتین لە گوندەکانی (كري زركا، الساير، جرى، خازوكا، ام الخباري، هلوم، رجم العبد، تل مشرف، بئر قاسم، السحل، الحصاويك، الزكو، الجديده، الفاو، بني سبعه، علي هلال، مجولي، قاسم ملكو، بارا،داود ڕشوكا،  جفيريي، زيروان، كورمز، گرشبك).

**باشوری چیای شنگال:** ئەو گوند و کۆمەڵگایانەی کە  رزگارکراوان و ئێستا کورد و عەرەب تێیدا دەژین لە باشووری چیای شنگال ژمارەیان (٢0) گوند و کۆمەڵگا و شارەدێن کە ئەمانەن بریتین لە (کرانیە، شێخ خنس، ئالخان، نمیلی، زلیلی، باجبسی، مهیرکا، سولاغ، قزلکند، خراپ سوورک، کابارا، زومانی، قسرکی، زرافکێ، وەردیە، جەداله، نسیریە، کۆجک، عەلی حەیدەر، حەمی).

ئەو گوندانەی دوای رزگار کردنیان چۆڵ کراون و خەڵکەکەی لە کورد و عەرەب و پێکهاتەکانی دیکە پێکهاتوون ژمارەیان (١٢) گوندە کە ئەمانەن ( کرانی، خنس، خان، نمیری، باجبسی، نسیری، زومانی، قزلکند، کابارا، قسرکێ، ورەدیە، زرافکێ ).

ئەو گوندانەی کە دەکەونە سەر هێڵی تەماس لە باشووری چیای شنگال و خەڵکەکەی ناتوانن بگەڕێنەوە ئەمانەن: (سەکینیە، رسکا، کانیا عیدۆ، کانیا عەفدی).

ئەو گوندە عەرەبانەی کە خەڵکەکەی پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە لە باشووری چیای شنگال ئەمانەن (عين طلاوي، عين حصان، عين حصان وسطى، عين حصان شمالي، عين حصان جنوبي، ام الشبابيط، ثلاثات، شرائع الشمالية، شرائع الجنوبية، شويره، عزيز اغا، الاكسع، فرايج العامود، سيبايات حروش، خراب جعاب، ابو بريع، محل قصر الجنسيات الشمالية، الجنسيات الجنوبية، سيبايات عماش ، هذيل الكبير، هذيل الوسطى، هذيل الشرقي، ام الزنابير، ام عامر، خنس، عين غزال، فتحي، خيلو، عين فتحي جنوبي، بسكي شمالي، بسكي جنوبي، مالحات الشمالية، مالحات الجنوبية، القاهرة، رفيع، قبة وهبي، تل عواد، تل العرج،ابو خشب، خراب الكري، النوفلي ، خراب بازار، خيرافا، كرعانا، خويتلا، الوحدة الرشيدية، تل غنم، ابو الرأسين، الثورة، باب الخير، الطير، مرزوكت المركب، ابو طاكية، زعلانة، جاير، عالية الميدان، الديبان، ام جريس).

ئەم گوندانەی لە سەرەوە باسکراون دەکەونە سەر سنووری سوریا لە هێڵی سنووری نێوان خانسور و لەلایەن (یەپەگە) تێکدراون.

**<u>ئەو ناحیە و کۆمەڵگایانەی کە پاش رزگار کردنیان خەڵکەکەی گەڕاوەتەوە :</u>**

ئەو ناحیە و کۆمەڵگانەی کە پاش رزگار کردنیان خەڵکەکەی گەڕاونەتەوە (ناحیەی سنونێ، کۆمەڵگای خانسور، کۆمەڵگای دوو گرێ، کۆمەڵگای دەهولا، کۆمەڵگای بۆرک، کۆمەڵگای کوهبل* کۆمەڵگای زورافا)، بەڵام ئەو گوندانەی کە خەڵکەکەی ناتوانن بگەڕێنەوە لەبەر کەمی و نەبوونی خزمەتگوزاری ئەمانەن:( زیروا، بکرا، تربکا).

هۆکاری پەیوەندیی کردنی ژمارەیەک لە گوندە عەرەبەکان بە داعش و وێران کردنی گوندی ئێزیدییەکان و کوشتن و رفاندنی ئافرەتەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

- سوننەن و هەست بە چەوسانەوە دەکەن.
- لە رووی دەروونییەوە ئامادەکارییان هەبوو بۆ پێشوازی کردن لە فکری توندڕۆیی، و بەشی هەرە زۆریشیان شانەی نووستوون.
- رق و کینەیەکی زۆریان بەرامبەر بە ئێزیدییەکان هەیە، چونکە سەرکردایەتی کوردستان رێز و پێگەیەکی تایبەتیان بە ئێزیدییەکان داوە و پۆستیان لە حکومەتی هەرێم هەیە، حکومەتی هەرێمیش بەردەوام هەوڵی باشتر کردنی ئاستی بژێوی ژیانیانی داوە.
- چاو برینە ماڵ وموڵکی ئێزیدیەکان و تاڵان بردنیان.
- بە هۆی جیاوازیی ئایینییەوە، چونکە ئێزیدییەکان بەکافر دەزانن وماڵ و حاڵیان بە حەڵاڵ دەزانن بۆ خۆیان.

## گوندە عەرەبەکان:

ئەو گوندە عەرەبانەی کە شەڕ و پێکدادان تێیدا روویداوە و خەڵکەکەی دژی پێشمەرگە شەڕیان کردووە لە باکووری چیای شنگال ئەمانەن (کولات، الجاسم،تل الشور، كري زركا، الساير، جري، خازوكا، ام الخباري، هلوم، رجم العبد، تل مشرف، بئر قاسم، السحل، الحصاويك، الزكو، الجديدة، ف، بني سبعه، علي هلال، مجولي، قاسم ملكو، بارا، داود رشوكا، جفيريي، زيروان، كورمز، كرشبك).

ئەو گوندە عەرەبانەی کە شەڕ و پێکدادان تێیدا روویداوە و خەڵکەکەی دژی پێشمەرگە شەڕیان کردووە لە باشووری چیای شنگال ئەمانەن (حردان، كرشبك، كرعانة، ابو خويمة، خويتله، خراب بازار، الوحدة، باب الخير، الثورة، ابو رأسين، خيلو، عين غزال، عين فتحي، قيروان، بليج، خنس، تل عرج، بسكي شمالي، بسكي جنوبي، مالحات شمالي، مالحات جنوبي، ابو خشب، رفيع).

لەم شوێنانە پێشمەرگە لەلایەن خەڵکی مەدەنی شەهید کراوە و لە گوندی کرزرك دوو پێشمەرگە شەهید کراون، و لە گوندەکانی کولات، تل شور و الجاسم ، بەهۆی بوونی بۆمبی چێندراوەوە ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید بوون. رۆژی چوارشەممەی رێکەوتی 2-12-2015 ، لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێک لە خانوویەکی گوندی جدارای لە شنگال حەوت پێشمەرگە شەهید بوون.

## زوممار و شەنگال:

١ -ئەو گوند و شارۆچکانەی کە رزگارکراون و ئێستا کوردو عەرەب تێدا نیشتەجێن لە (سحيلا تاوەکو شنگال بريتين لە (سحيلا، گلهاميرا، بهار، قاهيره، محموديه، چلبارات، سعوديه، ربيعه، مشيرفا، ترگاع، ڕبوعجير، تل بنات،عيونات، العملا، تل موس، زوممار، عين زاله، قسريج، خانەسوور، سنونێ، ێمود،مشريف، برديـاو، سينۆ، تل حبيب، سهل المالح، ڕبونا، هوگەنه).

٢ -ئەو گوندانە کە خەڵکەکەی نەگەڕاونەتەوە لە کوردو عەرەب ئەمانەن (بارزانکێ، حەردان، عين فرس).

٣ -خەڵکی (عوينات) بە دڕندەترین شێوە دژی پێشمەرگە شەڕیانکردووە و خەڵکەکەی زۆرینەی داعشن و ئێستاش هەڕەشەن بۆسەر پێشمەرگە.

- لە هەردوو ناوچەی (عين فرس و بارزانکێ) نزیکەی ١٣ پێشمەرگەیان شەهید کردووە.

### فەرماندەی زێرەڤانی:

*** ئەو گوندانەی کە ڕزگارکراون کورد و عەرەب تیایدا دەژین لە سنووری بەنداوی موسڵ :-**

1. ئاسکی موسڵ- ژمارەی دانیشتوانی (7000) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن.
2. ئاسکی موسڵی نوێ- ژمارەی دانیشتوانی (300 ) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن.

3. گوندی هەزیمە- ژمارەی دانیشتوانی (2500 ) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن.
4. کۆمەڵگای تل زەهب- ژمارەی دانیشتوانی (810 ) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن.
5. گوندی تل زەهب- ژمارەی دانیشتوانی پێکهاتووە لە (732 ) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن.
6. گوندی سولەیحە- ژمارەی دانیشتوانی (600) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن.
7. گوندی تل ریم -ژمارەی دانیشتوانی (2750) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن.
8. گوندی سکری موسڵ - ژمارەی دانیشتوانی (1600) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن.
9. گوندی جصە -ژمارەی دانیشتوانی (2672) کەس کە سەرجەمیان کوردی گەرگەرین.
10. ناحیەی وانکێ-ژمارەی دانیشتوانی (8812 ) کەس کە پێکهاتوون لە کورد عەرەب و تورکمان.
11. گوندی باب نیت- ژمارەی دانیشتوانی (1240 ) کەس کە پێکهاتوون لە کورد و تورکمانی شیعە مەزهەب.
12. گوندی مصتاح- ژمارەی دانیشتوانی (1410) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن.
13. گوندی خرابکێ- ژمارەی دانیشتوانی (125) کەس کە سەرجەمیان کوردن.
14. گوندی شیخۆ- دانیشتوانەکەی هەمووی کوردە.

*** ئەو گووندانەی کە کورد و عەرەبی تێدایە و دوای ئازاد کردنیان چۆڵکراون :-**

1. گوندی صقور- ژمارەی دانیشتوانی ( 535 ) کەسە.
2. گوندی کەسك 1 - ژمارەی دانیشتوانی ( 832 ) کەسە.
3. گوندی کەسك 2 - ژمارەی دانیشتوانی ( 600 ) کەسە.
4. گوندی شندوخا- ژمارەی دانیشتوانی ( 930 ) کەسە.
5. گوندی قادسیە - ژمارەی دانیشتوانی ( 800 ) کەسە.
6. گوندی عەواد -ژمارەی دانیشتوانی ( 150 ) کەسە.
7. گوندی دیرم توس / ژمارەی دانیشتوانی ( 4450 ) کەسە.
8. گوندی مشێرفە - ژمارەی دانیشتوانی ( 1416 ) کەسە.
9. گوندی دەواسە -ژمارەی دانیشتوانی ( 1436 ) کەسە.
10. گوندی دەوانش - ژمارەی دانیشتوانی ( 340 ) کەسە.
11. گوندی تەنیە -ژمارەی دانیشتوانی ( 520 ) کەسە.
12. گوندی مسرج -ژمارەی دانیشتوانی ( 276 ) کەسە.
13. گوندی کرج -ژمارەی دانیشتوانی ( 165 ) کەسە.

*** ئەو گوندانەی کە کورد و عەرەب تیایدا دەژین و دوای ئازاد کردنیان دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە :-**

1. گوندی تل زەهب -دانیشتوانەکەی هەمووی عەرەبن لەهۆزی جبور.
2. کۆمەڵگای تل زەهەب-دانیشتوانەکەی هەمووی عەرەبن لەهۆزی جبور .
3. گوندی هەزیمە -دانیشتوانەکەی هەمووی عەرەبن لە هۆزی جبور .
4. گوندی جەصە -دانشتوانەکەی هەمووی کوردن لە هۆزی گەرگەری.
5. بەنداوی موسڵ - دانیشتوانەکەی کورد و عەرەب و تورکمان و کریستیانن.
6. ناحیەی وانکێ -دانیشتوانەکەی کورد و عەرەب و تورکمانن .

*** ژمارە و ناوی ئەو گووندانەی کە دانیشتوانەکەی لەبەرنەبوونی خزمەتگوزاری نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە :-**

1. گوندی سەهلج- ژمارەی دانیشتوانی ( 1050 ) کەسە کە سەرجەمیان عەرەب.
2. گوندی عین مانع - ژمارەی دانیشتوانی ( 1080 ) کەسە کە سەرجەمیان عەرەبن.

*** ئەو گووندانەی کەدەکەونە هێڵی تەماس :-**

1. گوندی صقور- ژمارەی دانیشتوانی ( 535 ) کەسە.
2. گوندی کەسك 1- ژمارەی دانیشتوانی ( 832 ) کەسە.
3. گوندی کەسك 2 - ژمارەی دانیشتوانی ( 600 ) کەسە.
4. گوندی شندوخا -ژمارەی دانیشتوانی ( 930 ) کەسە.
5. گوندی قادسیە - ژمارەی دانیشتوانی ( 800 ) کەسە.
6. گوندی عەواد -ژمارەی دانیشتوانی ( 150 ) کەسە.

لەبەرئەوەی تیرۆرستانی داعش بەردەوام بۆردومانی هەڕەمەکی ئەم گوندانە دەکەن، دانیشتوانەکەی نەیانتوانیووە بگەڕێنەوە و چەند هاووڵاتیەکیش بەهۆی بۆردومانەکانەوە گیانیان لەدەست داوە وەکو:

1. عبدالعزیز فتحی خلف / لەڕۆژی ( 01 / 02 / 2015 ).
2. ندی فلاح / لەڕۆژی ( 13 / 02 / 2015 ).
3. ملاك خالد حسن / لەڕۆژی ( 13 / 02 / 2015 ).
4. حوزەیفە احمد سالم / لەڕۆژی ( 26 / 04 / 2015 ).
5. زبێدە احمد سالم / لەڕۆژی ( 26 / 04 / 2015 ).

6. ادیبە عبدالقادر امین / لەڕۆژی ( 26 / 04 / 2015 ).

ئەم گوندانەی سەربە ناحیەی ( وانکێ )ن و لەبەر نزیکیان لە هێڵی تەماس لەلایەن چەکدارانی داعش ڕۆژانە تۆپ باران دەکران و بەچەکی سوکیش تەقەیان لێدەکرا، لە پێناو پاراستنی گیانی دانیشتوانەکەی گواسترانەوە بۆ کەمپی ( گەرماڤا ) لە باعەدرێ ئەمانەن:

1. گوندی مسرج- ژمارەی دانیشتوانی پێکهاتووە لە ( 276 ) کەس.
2. گوندی دێرم توس- ژمارەی دانیشتوانی ( 4450 ) کەسە.
3. گوندی مشیرف ژمارەی دانیشتوانی (1416) کەسە.
4. گوندی دواسە ژمارەی دانیشتوانی (436) کەسە.
5. گوندی گنیە ژمارەی دانیشتوانی (520) کەسە.
6. گوندی گوانش ژمارەی دانیشتوانی (340) کەسە.

*** ئەو گوندانەی کە هەندێك لە دانیشتوانی پەیوەندیان بەڕیزەکانی داعشەوە کردووە:**

1. ئەسکی موصل ژمارەی دانیشتوانی (7000) کەسە، کە سەرجەمیان عەرەبن و (126) خێزانیان ئێستا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش نیشتەجێن و (100) کەسیان چەکداری داعشن.
2. گوندی هزیمە ژمارەی دانیشتوانی (2500) کەسە کە سەرجەمیان عەرەبن و (78) خێزانیان ئێستا لە سنوری داعش نیشتەجێن و (40) کەسیان چەکداری داعشن.
3. گوندی تل زەهەب ژمارەی دانیشتوانی (732) کەسە کە سەرجەمیان عەرەبن و (63) خێزانیان ئێستا لە سنوری داعش نیشتەجێن و (20) کەسیان چەکداری داعشن.
4. کۆمەڵگای ئەسکی موصل ژمارەی دانیشتوانی (810) کەسە کە سەرجەمیان عەرەبن و (64) خێزانیان ئێستا لە سنوری داعش نیشتەجێن و (20) کەسیان چەکداری داعشن.
5. سولەیحە ژمارەی دانیشتوانی (600) کەسە کە سەرجەمیان عەرەبن و (10) خێزانیان ئێستا لە سنوری داعش نیشتەجێن و (5) کەسیان چەکداری داعشن .
6. تل ریم ژمارەی دانیشتوانی (2750) کەسە کە سەرجەمیان عەرەبن و (25) خێزانیان ئێستا لە سنوری داعش نیشتەجێن و (20) کەسیان چەکداری داعشن.
7. بەنداوی موصل ژمارەی دانیشتوانی (1600) کەسە کە سەرجەمیان عەرەبن و (300) خێزانیان ئێستا لە سنوری داعش نیشتەجێن و (100) کەسیان چەکداری داعشن.

8. گوندی صقور ژمارەی دانیشتوانی (535) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن و (7) خێزانیان ئێستا لە سنوری داعش نیشتەجێن و (12) کەسیان چەکداری داعشن.
9. کەسکی 1 ژمارەی دانیشتوانی پێك هاتوە لە (832) کەسە کە سەرجەمیان عەرەبن و (35) خێزانیان ئێستا لە سنوری داعش نیشتەجێن و (20) کەسیان چەکداری داعشن.
10. کەسکی 2 ژمارەی دانیشتوانی (600) کەسە کە سەرجەمیان عەرەبن و (1) خێزانیان ئێستا لە سنوری داعش نیشتەجێن .
11. گوندی شندوخا ژمارەی دانیشتوانی (930) کەسە کە سەرجەمیان عەرەبن و (4) خێزانیان ئێستا لە سنوری داعش نیشتەجێن .
12. گوندی قادسیە ژمارەی دانیشتوانی (800) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن و (5) خێزانیان ئێستا لە سنوری داعش نیشتەجێن و (4) کەسیان چەکداری داعشن.
13. سەهلج ژمارەی دانیشتوانی کە سەرجەمیان عەرەبن (1050) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن و (67) خێزانیان ئێستا لە سنوری داعش نیشتەجێن و (35) کەسیان چەکداری داعشن.
14. گوندی عین مانع ژمارەی دانیشتوانی (1080) کەس پێکهاتوون لە کورد وعەرەب و تورکمان (35) خێزانیان ئێستا لە سنوری داعش نیشتەجێن و (40) کەسیان چەکداری داعشن.
15. ناحیەی وانکێ ژمارەی دانیشتوانی پێك هاتوە لە (8812) کەسە کە سەرجەمیان عەرەبن و (40) خێزانیان ئێستا لە سنوری داعش نیشتەجێن و (7) کەسیان چەکداری داعشن .
16. گوندی دیرمتوس ژمارەی دانیشتوانی (4450) کەسە کە سەرجەمیان عەرەبن چۆڵە ، چونکە هێڵی تەماسە دانیشتوانی ئەو گوندە ڕەوانەی کەمپی گەرماڤا کراون لە باعەدرێ هەروەها (382) کەسی ئەم گوندە چەکداری داعشن.
17. گوندی دەواسە ژمارەی دانیشتوانی (1436) کەسە کە سەرجەمیان عەرەبن چۆڵە ، چونکە هێڵی تەماسە دانیشتوانی ئەو گوندە ڕەوانەی کەمپی گەرماڤا کراون لە باعەدرێ هەروەها (382) کەسی ئەم گوندە چەکداری داعشن.
18. گوندی مشرف ژمارەی دانیشتوانی (1416) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن چۆڵە، چونکە هێڵی تەماسە دانیشتوانی ئەو گوندە ڕەوانەی کەمپی گەرماڤا کراون لە باعەدرێ هەروەها (60) کەسی ئەم گوندە چەکداری داعشن.
19. گوندی دوانش ژمارەی دانیشتوانی (340) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن چۆڵە ، چونکە هێڵی تەماسە دانیشتوانی ئەو گوندە ڕەوانەی کەمپی گەرماڤا کراون لە باعەدرێ هەروەها (20) کەسی ئەم گوندە چەکداری داعشن.
20. گوندی گنیە ژمارەی دانیشتوانی (520) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن چۆڵە ، چونکە هێڵی تەماسە دانیشتوانی ئەو گوندە ڕەوانەی کەمپی گەرماڤا کراون لە باعەدرێ هەروەها (10) کەسی ئەم گوندە چەکداری داعشن.

21.گوندی مەسرج ژمارەی دانیشتوانی (276) کەس کە سەرجەمیان عەرەبن چۆڵە ، چونکە هێڵی تەماسە دانیشتوانی ئەو گوندە رەوانەی کەمپی گەرماڤا کراون لە باعەدرێ،هەروەها (35) کەسی ئەم گوندە چەکداری داعشن .

## ئاسایشی دهۆک:

**ناوچەکانی (رەبیعە و زوممار) و گوندە رزگارکراوەکانی ناوچەی (ئاڤگەنی):**لەو ماوەیەی کە ئەم ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی (داعش)دا بوون چەندین باڵەخانەی حکومی و سەربازی، خانووی کارمەندانی ئاسایش، فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، و کارمەندانی حکومەتی عێراقی لەم ناوچەیە تێکدران و تەقێندرانەوە. چەندین شوێنەواری دێرینی ناوچەکە تێکردان و تاڵان کران، هەروەها ژمارەیەک لە دانیشتوانە عەرەبەکانی ئەم سێ ناوچەیە پەیوەندییان بە داعشەوە کرد و بەیعەتیان دایە ئەم رێکخراوە تیرۆریستیە، بۆیە چەندین پێشمەرگە بە دەستی ئەوان شەهید بوون و هەندێکیان دایە دەست داعش.

بەشێک لە دانیشتووانی ئەم ناوچانە بوونەتە ئەمیر و سەرکردە و گوندەکانی خۆیان چۆڵ کردووە و روویان لە موسڵ کردووە و دژی پێشمەرگە شەڕ دەکەن وەک گوندەکانی ( بەرزانکێ، خراب التبن، خراب العاشق، عین الفرس، شیخان، عین مانع).

لە گوندەکانی دیکە دانیشتووانەکانی لە کورد و عەرەب گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان تەنیا ئەوانە نەبێت کە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و روویان لە موسڵ کردووە و بەشێکیان لە شەڕەکانی شنگال و تەلعفەر و موسڵ و رومادی کوژراون، هەروەها ئەو گوندانەی دەکەونە سەر هێڵی تەماسی نێوان پێشمەرگە وداعش کە کورد و عەرەبن، بەشێکی زۆریان چۆلکراون بە رەزامەندی خۆیان و بەشێوەیەکی کاتی بۆ پاراستنی ژیانیان لە سەنگەرەکان دوورخراونەتەوە و دابەشکراون، و لەلایەن (رێکخراوی خێرخوازی بارزانی) و رێکخراوە بیانییەکان هاوکاری کراون و بە هیچ شێوەیەک لەلایەن دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم جیاوازی نەکراوە لە نێوان کورد و عەرەب و پێکهاتە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەکانی دیکە لە رووی هاوکاری کردنیان و ئەگەر هەندێک لە گوندەکان زیانیشیان پێگەیشتبێت ئەوا بەهۆی شەڕ و پێکدادان و بۆردومانی فڕۆکەی هاوپەیمانان و ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوەوە بووە.

**<u>نــاوچەی زوممار:</u>** ئەو گوندانەی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە رزگار کراون ئێستا خەڵکی تێدا دەژین ئەمانەن:

1- سحێلا-نەتەوە کورد
2- چخری- نەتەوە کورد
3- عمر خالد- نەتەوە کورد
4- چم بهیف- نەتەوە کورد

5- جزرونيە- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (شرابی)
6- گربیر- نەتەوە کورد
7- عین عویس- نەتەوە کورد
8- خانا تحتك -نەتەوە کورد
9- حمد اغا- نەتەوە کورد
10-بردیا-نەتەوە کورد
11-کۆمەڵگای مشروع ری الجزیرە-نەتەوە کورد
12-سێ قبات-نەتەوە کورد
13-چەم لگلەگ-نەتەوە کورد
14-کۆمەڵگای صمود-نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور)
15-کۆمەڵگای دومیز-کورد وعەرب (تێکەڵ)
16-کۆمەڵگای معسکەر دومیز - نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور +جحیش)
17-أبو وجنە- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (معماری)
18-طیبە الریاح- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (اللهیب)
19-مصیفنە- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (معماری)
20-جیساری- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور)
21-بازلە- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور)
22-صوفیە- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور)
23-خمروك- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور)
24- گرڤر-نەتەوە کورد لە هۆزی (گەرگەری)
25-کۆمەڵگا و کومپانیا عین زالە- (کورد +عەرەب +مەسیحی)
26-گوندێ عین زالە- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جحیش)
27-تلموس- نەتەوە کورد لە هۆزی (گەرگەری)
28-گربقل- نەتەوە کورد لە هۆزی (گەرگەری)
29-کانی شیرین ژێر- نەتەوە کورد لە هۆزی (گەرگەری)
30-کانی شیرین ژور- نەتەوە کورد لە هۆزی (گەرگەری)
31-شکاك- نەتەوە کورد لە هۆزی (گەرگەری)
32-سحل الحمد- نەتەوە کورد لە هۆزی (گەرگەری)
33-حمو گلو- نەتەوە کورد لە هۆزی (گەرگەری)
34-جصە- نەتەوە کورد لە هۆزی (گەرگەری)
35-بەر شور- نەتەوە کورد لە هۆزی (گەرگەری)

36-كارێز- نەتەوە كورد لە هۆزی (گەرگەری)

37-حكنە- نەتەوە كورد لە هۆزی (گەرگەری)

38-كوبانی- نەتەوە كورد لە هۆزی (گەرگەری)

39- گرگامیش- نەتەوە كورد لە هۆزی (گەرگەری)

40-دنو- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (العبیدی)

41-أبو ونی الشمالیە- نەتەوە عەرەبلە هۆزی (جحیش)

42-تل خضر- نەتەوە كورد لە هۆزی (گەرگەری)

43-سلیحە- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور)

44-جمروت- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور)

45-تل الریم- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور)

46-تل الذهب- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور)

47-اهضیمە- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور)

48-اسكی موسڵ- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور)

49-كوزگیران-نەتەوە كورد

50-شیبانا- نەتەوە كورد

51-شلگیە ژور- نەتەوە كورد

52-چەم بەهیڤ ژیر- نەتەوە كورد

53-شلگیەژیر- نەتەوە كورد

54-عین زالە-نەتەوە عەرەب (جحیشی)

**ئەو گوندانەی زوممار كە چۆڵكراون، چونكە دەكەونە سەر هێڵی تەماس و مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە ئەمانەن:-**

1- كەسك- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (گی)
2- قادسیە- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور)
3- شندوخا- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور+ گی )
4- سهلج- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور)
5- صقور- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جبور)
6- عین فرس- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (جحیشی).
7- گوندی رەڤینە دەكەوێتە نزیك گوندی (بەرزانكێ) و شەڕێكی قورس تێیدا روویدا، گوندەكە وێران نەكراوە، بەڵام كەسی تێدا ناژی، خەڵكی ئەم گوندە لە ناوچەكانی (ئەسكی موسڵ+هضیمە+تل

الذهب+تل الريم) نیشتەجێ کراون لە لایەن حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوی خێرخوازی بارزانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکەوە هاوکاری کراون لەرووی (ئازوقە،سوتەمەنی،دەرمان، کەلوپەلی ناوماڵ و جلوبەرگەوە).

**ئەو گوندانەی ناوچەی زومار کە خەڵکەکەی پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و دژی پێشمەرگە شەڕیان کردووە ئەمانەن:-**

## 1-گوندی بەرزانکێ

خەڵکی ئەم گوندە لە نەتەوەی عەرەبن لە هۆزی (جحێش) لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە گروپە تیرۆریستییەکان لەم گوندە بوونیان هەبووە، لە (2014/8/2) تیرۆریستانی داعش لە نێو خەڵکی ئەم گوندە پەیدابوون و دژی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق دەستیان بە شەڕ کرد، هەر لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە زۆربەی بەرپرسانی (داعش و قاعیدە) لە (موسڵ و زوممار، و ڕەبیعە و تەلعفەر) خەڵکی گوندی (برزانکێ ) بوون و هاوکاری تیرۆریستانی داعشیان دەکرد و چەندین کۆگای درووستکردنی بۆمب لەو گوندە هەبوون. لەوانە: (عبدالکریم الغضبان، علی الغضبان، علی اسود، دریعی احمد حسن، محمد حسین دهش/مفتی شرعی، شلاش حسین دهش، محمد محمود حنیە/کوژراوە، محمد عبدالمحسن/امیر، عبد طە حسن جرجس/شرعیە ).

لە ڕۆژی2014/8/2 زۆربەی دانیشتووانی گوندەکە یەکسەر جلوبەرگی ئەفغانییان پۆشیوە و لەگەڵ داعش دەستیان بە شەڕ کرد دژی پێشمەرگە ، هەروەها چەندین ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژ کراو لەلایەن خەڵکی ئەم گوندە بە هێزەکانی پێشمەرگەوە تەقێندراوەتەوە و ئەم گوندە یەکێک بوو لە سەنگەرە بەهێزەکانی داعش و پێکدادانی بەهێز بە چەکی جۆراوجۆر بەکارهاتووە، و بەشێکی خەڵکی گوندەکە کە چەکداری داعش بوون بە دەستی پێشمەرگە و سوپای عێراق کوژراون هەروەها فڕۆکەکانی هاوپەیمانان گوندەکەیان بۆردومان کرد بۆیە دانیشتوانەکانی روویان لە شاری موسڵ کرد لە خانووی کورد و شیعە و کریستیانەکان نیشتەجێ کراون.

دوو خانەوادەی گوندی (برزانکێ) دژی داعش بوون ئەوانیش خانەوادی (سلیڤانی) کە کوردن و خانەوادەی(الشاهر) کە لە هۆزی (جبور)ن ، خانەوادەی (سلیڤانی) کە ژمارەیان (٣٠) خانەوادە دەبێت هەر لە کۆنەوە لەو گوندە نیشتەجێ بوون، بەڵام کاتێک داعش هێرشی کرد شوێنەکانی خۆیان جێهێشت و داعش خانووەکانیانی تەقاندەوە .

خانەوادەی ( الشاهر) کە لە هۆزی (جبور)ن هەر لە ساڵی(٢٠٠٥) دژایەتی تیرۆریستانی ڕێکخراوی (قاعیدە)یان کرد، چونکە قاعیدە (١٠) کەسی ئەم خانەوادەی تیرۆر، بۆیە کاتێک داعش ناوچەکەی داگیر کرد ئەندامانی ئەم خانەوادەیە روویان لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆیە داعش نزیکەی (٧٠) خانووی ئەم خانەوادەی تەقاندەوە، بەشێوەیەکی گشتی (بەرزانکێ وەک سەربازگەیەکی لێهاتبوو بۆ تیرۆریستیان داعش

وئێستا زۆربەی دانیشتوانی لە بعاج و موسڵ و سوریان، تەنیا ئەم دوو خانەوادەیە ( سلیڤانەیی و الشاهر) گەڕاونەتەوە ناوچەکە و لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هاوکاری کراون.

لە لایەکی دیکەوە (٢٤) هاووڵاتی کوردی ئێزیدی کە خەریکی کشتوکاڵکردن بوون لەلایەن خەڵکی (بەرزانکێ)وە کوژراون لەوانە: (1- جمیل محمدوك 2- اسماعیل احمد سماك 3 - صلاح عبدالله نواف) هەروەها (13)پێشمەرگە لە کاتی پاشەکشێ لە کومپانیای نەوتی عین زالە بە دەستی ئەوان شەهید کراون، جگە لەوەی پێش ئێستا چەند جارێک بۆری غازی عەین زالە لە ناوچەی زومار تەقێندراوەتەوە و تیرۆریست (هاشم علی محمدوك) لە کاتی دانانەوەی بۆمب بۆ تەقاندنەوەی بۆرییەکە کوژراوە و هەردوو تیرۆریست (لیث نواف وسعود نواف) لە کاتی دانانی بۆمب (عبوە ناسفە) کوژراون.

لەسەر رێگای گشتی لە دەستیان تەقییەوە و کوژران و دوای ئازاد کردنی ناوچەکەی گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە نزیک گوندی ناوبراو دۆزرایەوە کە کوردی ئێزیدی و پێشمەرگە بوون و لەلایەن رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەڵکەندراوە.

## 2-گوندێ شێخان

لە نەتەوەی عەرەبن هوزی (شەرابی) شێخەکانیان کۆنە ئەفسەر وپلەدار و ئەمنی رژێمی بەعسی بوون، کاتێک داعش هاتە ناوچەکە سەنگەریان دانا بۆ ئەوەی رێگا لەو پێشمەرگانە بگرن کە لە گوندەکە مابوونەوە و، ژمارەیەک لە پێشمەرگەیان شەهید کرد و چەک و کەلوپەلەکانیان بە تاڵان برد لە هەمان کاتدا ئاڵای داعشیان لە گوندەکە بەرز کردەوە.

دوای ئەوەی پێشمەرگە دەستی بە هەڵمەتی ئازادکردنەوەی ناوچەکە کرد گوندی( شێخان) سەنگەری پێشەوەی شەڕی نێوان پێشمەرگە و تیرۆریستانی داعش بوو، خەڵکی گوندەکە هاوکاری داعشیان کرد و رۆژانە خواردنیان بۆیان ئامادە دەکرد و دوای رزگار کردنی زۆر کەلوپەلی داعش دۆزرایەوە و وەک تۆماری پاسەوانی و چالاکییەکانیان دەرکەوت کە زۆریان پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و ئێستا لە موسڵن.

## 3-گوندێ گرکافر

زۆر لە دانیشتوانی ئەم گوندە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و دژی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان شەڕیان کردووە و ژمارەیەک پۆلیس و پێشمەرگە بە دەستی خەڵکی ئەم گوندە شەهید کراون دوای مینڕێژکردن و تەقاندنەوەی ژمارەیەک ئۆتۆمبێل لە سەنتەری گوندەکە، لە کاتی رزگار کردنی گوندەکە شەڕی قورس روویدا و هەموو جۆرە چەکێکی تێدا بەکارهات و فڕۆکەکانی هاوپەیمانان گوندەکەیان بۆردومان کرد، بەو هۆیەشەوە

ژمارەیەک خانوو وێران بوون، زۆربەی لە دانیشتووانی گوندەکە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و تا ئێستاش لە موسڵ و بەعاج و تەلعفەر هاوشانی داعش شەڕ دەکەن و شێخ و ریش سپییەکانیشیان هەموویان لەگەڵ داعشن.

### ٤-گوندێ خراب التبن

دانیشتوانی ئەم گووندە روویان لە شاری موسڵ کردووە و زۆربەیان پەیوەندیان بە تیرۆریستانی داعشەوە کردووە، ئەوان بە سەختی هێرشیان کردووەتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و پۆلیسی عێراق، کەچی گووندەکە وەک خۆی ماوەتەوە بەڵام کەسی تیدا نیە.

### 5-گوندێ خراب العاشق

هاوشێوەی گوندی خراب التبن زۆربەیان لەگەڵ داعش بوون و دژی پێشمەرگە و پۆلیسی عێراق شەڕیان کردووە، بۆیە روویان لە موسڵ کردووە، گوندەکەیان وێران نەبووە، بەڵام کەسی تێدا نییە، بەڵام ئێستا خەڵکی گوندی (بشار) کە عەرەبن لە هۆزی جحێش ئاوارە بوون بەهۆی نزیکی گوندەکەیان لە سەنگەرەکانی داعش و گەیشتنی هاون بە ناوچەکەیان، ئەمانە لە گوندی (خراب العاشق) نیشتەجێ کراون.

### 6-کۆمەڵگای صوفیه

موختاری کۆمەڵگاکە و شێخەکەیان بە ناوی (محمود کنحور) کە یەکێکە لە بەرپرسەکانی داعش لە موسڵ، و زۆربەی دانیشتوانی گوندەکە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و ئێستا لە موسڵن، گوندەکە وێران نەبووە و ئێستا ژمارەیەک لە دانیشتووانەکانی لە سەر ماڵ و حاڵی خۆیانن.

### 7-گوندێ عین مانع

عەرەبی سەر بە هۆزی (حسونی)ن و زۆربەیان پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و دژی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق شەڕیان کردووە، ئێستا بەشێکیان پلەی ئەمیریان هەیە، دوای ئەوەی پێشمەرگە پێشڕەوی کرد بۆ ئازادکردنەوەی گوندەکان، شوێنی خۆیان جێهێشت، گوندەکە وێران نەبووە، بەڵام کەسی تێدا ناژی.

- **ناوچەی ئاڤگەنی (عیاضە)**

***ئەو گوندانەی لەلایەن پێشمەرگەوە رزگار کراون و ئێستا هاووڵاتیی تێدا دەژی ئەمانەن:-**

1. گرگامیش- نەتەوە کورد
2. قەسەریچ - نەتەوە کورد
3. فقیروك- نەتەوە کورد
4. خویتلە - نەتەوە عەرەب لە هۆزی متیوت
5. أبو ونی- نەتەوە عەرەب لە هۆزی الجحیش

6. العمله - نەتەوە عەرەب لە هۆزی الجحیش
7. خرمر - نەتەوە عەرەب لە هۆزی الجحیش
8. برغلیە- نەتەوە عەرەب لە هۆزی الجحیش
9. بوغە- نەتەوە عەرەب لە هۆزی الجحیش
10. سحل عبدالهوی-نەتەوە عەرەب لە هۆزی الجحیش
11. ناصفیە- نەتەوە عەرەب لە هۆزی الجحیش
12. کاخرتە- نەتەوە عەرەب لە هۆزی الجحیش
13. بئر الحلو-نەتەوە عەرەب لە هۆزی الجحیش
14. قصر علوش- نەتەوە عەرەب لە هۆزی الجحیش
15. ام کیف- نەتەوە عەرەب لە هۆزی الجحیش
16. مثلثە- نەتەوە عەرەب لە هۆزی الجحیش
17. هلوم- نەتەوە عەرەب لە هۆزی الجحیش
18. حرشانیە-نەتەوە عەرەب لە هۆزی الجحیش
19. ام حجرە- نەتەوە عەرەب لە هۆزی الجحیش

*** ئەو گوندانەی لە ناوچەی ئاڤگەنی چۆل کراون لەبەر ئەوەی دەکەونە سەر هێڵی تەماس و لە سەنگەرەکانەوە نزیکن، بۆیە ئێستا هاووڵاتیانی تێدا ناژین ئەمانەن:-**

1. کرژ- نەتەوە کوردن لە هۆزی (گەرگەری)
2. گول محمد- نەتەوە کوردن لە هۆزی (گەرگەری)
3. دلی- نەتەوە کوردن لە هۆزی (گەرگەری)
4. بشار- نەتەوە عەرەب لە هۆزی (الجحیش) لەسەر داوای خۆیان گوندەکەیان جێهێشتووە و ئێستا لە ناوچەی زوممار لە گوندی (خراب العاشق) نیشتەجێبوون و لەلایەن حکومەتی هەرێم و رێکخراوە خێرخوازییەکان هاوکاری کراون.

*** ئەو گوندانەی ناوچەی ئاڤگەنی کە گومان دەکرێت دەستیان لەگەڵ داعش هەبوویێت و دوای رزگارکردنی ناوچەکانیان لەلایەن پێشمەرگەوە دیسان کردەوەی تیرۆریستییان ئەنجام داوە ئەمانەن:-**

١- گوندی بیرک کە دانیشتووانی کوردن، هەندێکیان پەیوەندییان بە داعشەوە کرد و دوای رزگار کردنی گوندەکەیان لە رۆژی (2015/12/16) گروپێکی تیرۆریستی داعش کە لە (4) خۆکوژ پێکهاتبوو هاتنە ناو گوندەکە بە هاوکاری خەڵکەکەی و هێرشیان کردە سەر بارەگای فەوجی (4)لیوای زمار و(6)پێشمەرگەیان شەهید کرد و(13)یان بریندار کرد، بۆیە گوندەکە بووە هێڵی تەماس و گوندەکەیان چۆل کرا، بەلام تێک نەدراوە.

2-گوندی سحل المالح- لە نەتەوەی عەرەبن هۆزی (جحێش) هەندێکیان دەستیان لەگەڵ داعش هەبوو، دوای رزگار کردنی لە رۆژی (2015/4/21) گروپێکی داعش بە شەو و دوای هاوکاری خەڵکی گوندەکە دزەیان کرد و شەڕێکی قورس روویدا کە لە ئەنجامدا (١٣) پێشمەرگە شەهید بوون و (٣٠) یان بریندار بوون، هەروەها ژمارەیەک لە تیرۆریست و خەڵکی گوندەکە کە هاوکاری داعشیان کردبوو کوژران، ئێستا گوندەکە چۆلە، چونکە بووەتە هێڵی تەماسی نێوان پێشمەرگە و داعش

- **ناوچەی رەبیعە**

***ئەو گوندانەی ناوچەی رەبیعە کە دانیشتووانەکەی لەکورد و عەرەب پێکهاتوون و دوای رزگار کردنی لەلایەن پێشمەرگەوە خەڵکەکەی گەڕاوەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان ئەمانەن: -**

1. علی عبار –کورد
2. ئیسکا- کورد
3. علیوکا- کورد
4. ماسکا- کورد
5. کەلهی- کورد
6. وەلید (گاوس)- کورد
7. کوندی بهار (ام الربیعن) - کورد
8. تحتوکا (خان اصفه) - کوردن و عەربن
9. المومی – عەرەب- شمر
10. تل وردان – عەرەب – شمر
11. عوینات – عەرەب- شمر
12. موەشە– عەرەب- شمر
13. ابوگوله – عەرەب – شمر
14. تل الهوی– عەرەب – شمر
15. تل گلب – عەرەب - شمر

16.تل سمير– عەرەب- شمر
17.تل حيال– عەرەب- شمر
18.ابو حجيره– عەرەب- شمر
19.ابوخشب– عەرەب- شمر
20.ام كيف– عەرەب- شمر
21.كران– عەرەب – شمر
22.كوبر– عەرەب – شمر
23.مناعيه – عەرەب – شمر
24.مره– عەرەب – شمر
25.بوپه– عەرەب – شمر
26.بئر عكله– عەرەب – شمر
27.عويسيه– عەرەب – شمر
28.علكانه– عەرەب – شمر
29.مشرف– عەرەب – شمر
30.الابطخ مشيرفه– عەرەب – شمر
31.ابگخ الشور– عەرەب – شمر
32.مجلجه– عەرەب- شمر
33.ام رچمه– عەرەب – شمر
34.رجم الحسن– عەرەب – شمر
35.الرمو– عەرەب – شمر
36.تل منيف– عەرەب – شمر
37.تل الشور– عەرەب – شمر
38.بئر لافى– عەرەب – شمر
39.العبده– عەرەب – شمر
40.الرمليه– عەرەب – شمر
41.الجفال– عەرەب – شمر
42.شعلان– عەرەب – شمر
43.العزائم – عەرەب – شمر
44.جوهريه– عەرەب – شمر
45.جديده– عەرەب – شمر
46.الجاسم– عەرەب – شمر

47.البزونه– عەرەب – جحيشى
48.نعيم – عەرەب – جحيشى
49.بئر شفك – عەرەب – شمر
50.الراويە– عەرەب – راوى
51.عصريە سيحە– عەرەب- شمر
52.سيحە فضليە – عەرەب – شمر
53.صالحيە هلوم- عەرەب – جحيشى
54.باشات – عەرەب – شمر
55.ابوحنايە– عەرەب –جحيشى
56.العامودیە – عەرەب – شمر
57.بيادر العجيل – عەرەب – شمر
58.الاخوە – عەرەب – شمر
59.بئر خطاف– عەرەب - شمر
60.خبازە– عەرەب - شمر
61.الانوار– عەرەب – شمر
62.گرصور –عەرەب –شمر
63.مشيرفە- عەرەب –شمر

***ئەو گوندانەی رەبيعە کە چۆڵ کراون، بەڵام هەموويان وێران نەبوون ئەمانەن: -**

1. محمودیە- عەرەب -- (شمر+جبور)
2. سعودیە - عەرەب -- شمرانە
3. قاهرە -عەرەب -- زبيدى
4. ياسين- عەرەب – راشدى پەيوەندييان بە (داعش)ەوە کردووە و رۆيشتوون.

ئەم گوندانە کەسيان تێدا نيشتەجێ نييە، چونکە دەکەونە هێڵی تەماس و پێشتر شەڕيان تێدا روويداوە، بەشێک لە دانيشتووانی گوندەکان لە ناوچەکە ماوەن، بەڵام بەشێکی ديکەيان ناوچەکەيان جێهێشتووە و روويان لە موسڵ کردووە، داعش هەندێک لە خانووەکانی تێکداوە و هەندێکی ديکەشيان بە هۆی شەڕ بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەيمانانەوە رووخاون.

## عیصمەت ڕەجەب بەرپرسی لقی موسڵ (پارتی دیموکراتی کوردستان)

### ناوچەی وانکێ:

لە سنووری لقی موسڵ هیچ گوندێکی ئازاد کراو نییە کە کورد و عەرەب پێکەوە تێیدا بژین، تەنیا یەک گوند هەیە بە ناوی ( باب نێت) کە دانیشتووانەکەی لە (کورد و عەرەب و تورکمان) پێکهاتووە و لەبەر ئەوەی عەرەبەکان پەیوەندییان بە داعشەوە کرد ڕوویان لە موسڵ کردووە و کورد کە لە هۆزی (کیکان)ن و تورکمانەکان کە شیعە مەزهەبن گەڕاونەتەوە گوندەکە و ژیانیان ئاسایی و پارێزراوە ودوای ئازاد کردنی ناوچەکە (٤) گوندی کورد کە لە هۆزی (کیکان)ن لەوانە (تلعدس، منار، خرابکێ) گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

لەو سنوورە تا ئێستا هیچ گوندێک نییە کە لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری خەڵکەکەی نەگەڕابێتەوە، (٦) گوند دەکەونە هێڵی پێشەوەی سەنگەرە کانی پێشمەرگە لەوانە (دێرم توسە، مەشرف، دەواسە، دەوانوش، تنیە، مسرچ) خەڵکی گوندی (دێرم) هاوکاری و پشتیوان و چەکداری داعشن تەنانەت نزیکەی( ١٠٠) کەسیان لە کاتی شەڕ کردن دژی پێشمەرگە کوژراون، ئێستا هەموویان لە موسڵ نیشتەجێن و خۆیان ناگەڕێنەوە.

خەڵکی گوندەکانی دیکەش گواستراونەتەوە بۆ کۆمەڵگای (گرماڤا) لە ناحیەی باعەدرێ، چونکە دەکەونە سەر هێڵی تەماس ئەمەش مەترسی لەسەر ژیانیان درووست دەکات، هەروەها بەشێکیان لە ڕێگای تەلەفۆنەوە زانیارییان بە چەکدارەکانی داعش داوە و لە ڕێگای ئەوانەوە داعش لە ئاو دەپەڕینەوە، بۆ نموونە خەڵکی گوندەکانی (تنیە و مسرچ) بۆمبیان لەسەر ڕێگای پێشمەرگە دادەنا کە لە ئەنجامی تەقینەوەی یەکیان فەرماندەی سوپای ٢ و دوو ئەفسەر بریندار بوون، هەروەها بە هاوکاری خەڵکی گوندەکانی (دەواسە و دەوانش) لەگەڵ داعش (١١) پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون.

لەو سنوورە (٢٩) گوندی عەرەب هەیە کە زۆربەیان پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و دژایەتی کورد دەکەن و پێشتریش پەیوەندییان لەگەڵ تیرۆریستان هەبووە، تا ئێستا هیچ لە چەکدارانی ئەم گوندانە نەگەڕاونەتەوە و ژمارەیەکی زۆریشیان کوژراون، هەروەها ڕێژەیەکی کەم لە دانیشتووانی ئەم گوندانە لە کوردستان ئاوارەن، بۆنموونە لە گوندەکانی ( محوێر شیمالی، محوێر جنوبی، سێمەحلە، عمار کبیر، عمار بیت، شیحلیە، تەلعیە)زۆربەی هەرەزۆریان پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و دژی پێشمەرگە لە شەڕدان، گوندەکانی ( مشرف، دەواسە، دەواش، تنیە، مسرچ) وێران نەکراون، بەڵام گوندی (دێرم توسە) نزیکەی ٢٥%ی وێران بووە.

### ناوچەی خازر:

## ✚ گوندی تورکمان:

له نەتەوەی کورد و عەرەب پێکهاتووە (٧٥ خێزانی کورد و ١١٥ خێزانی عەرەب تێیدا دەژی، جگە لەوانە بنەماڵەی صالح دندح و برایەکانی (١٢) سەر خێزانی دیکەش روویان لە موسڵ کردووە و لە ریزی داعشن، هەروەها بنەماڵەی (سید نوری) لە قەسرۆک دەژین و کوڕێکیان بە ناوی عەلی نوری محمد لە موسڵە لە ریزەکانی داعش .

ئەم گوندە لە رێکەوتی 2014/8/8 کەوتە ژێر دەسەڵاتی داعش و رۆژی دواتر واتە 2014/8/٩ لەلایەن پێشمەرگەوە ئازاد کرا.

## ✚ گوندی ئەشقەلعەی بچووک:

ئەم گوندە لە نەتەوەی کورد و عەرەب پێکهاتووە (نزیکەی ١٠ سەر خێزانی کورد و ٣٥ سەر خێزانی عەرەب) عەرەبەکان روویان لە موسڵ کردووە و پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و کوردەکانیش گەڕاونەتەوە و ئێستا لە گوندەکە نیشتەجێن.

لە رێکەوتی 2014/8/7 کەوتە ژێردەسەڵاتی داعش تا ئازاد کردنی گوندەکانی خازر و حسن شام.

## ✚ گوندەی شیرکان

زۆربەی سەر خیزانە کوردەکانی ئەم گوندە ئاوارەن لە قەزای خەبات و دەوروبەری و ناتوانن بگەڕێنەوە بەهۆی نزیکی گوندەکە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە وبۆردومان کردنی ناوچەکە لە لایەن چەکدارانی داعش، لە کاتی نزیک بوونی چەکدارانی داعش لە (حسن شام) خەڵکی ئم گوندە تەقەیان لە پێشمەرگە و بازگەی پردی خازر کردووە.

- گوندەکانیی(مەنگوبە،تل اسود بچوك، علیاوە،تل اسود گەورە) بە هۆی ئەوەی کە لە سەرەتای ئازادی کردنی عێراق زۆربەیان پەیوەندیان بە گروپی تیرۆریستی (القاعدە) هەبوو و هەندێکیان سەر بە حیزبی بەعس و گرووپی(نەقشبندی) بوون بۆیە لە کاتی هاتنی داعش بو سنوورەکە کەسایەتی ناودارەکانیان و موختارەکان ئەوانیان هێنا و بەیعەت و پشتگیری داعشیان کرد لە سنورەکە .

## ✚ گوندی زەنگەل:

چەند ماڵێك عەرەب هەن لە گوندی زەنگەل خزمەکانیان لە ریزی داعشن لە (موسل ) گومان دەکری زانیاری بە چەکدارانی داعش بدەن بەتایبەتی ئەوانەی  کە خاوەن مەڕ و ماڵاتن و رۆژانە شوانەکانیان نزیك دەبنەوە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە و ئاژەڵەکانیان دەلەوەڕێنن.

گوندی زەنگەل نزیکترین هێڵە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە و هێڵێکی ستراتیژیە بۆ هاتوچۆی هێزی (1)ی زێرەڤانی سەر بە سوپای (5) فەوجی پاسەوانی نەوت و گازی کێڵگەکە.

## ناوچەی باشیک:

- لە سنووری میحوەری باشیک هیچ گوندێکی ئازاد کراو نییە کە دانیشتووانەکەی کورد و عەرەب بن.
- ئەو گوندانەی کە ئازاد کراون و چۆلکراون:

١-گوندی حصاریێ- عەرب

٢-گوندی ئەسقوف - عەرب

٣-گوندی کانی کوان - کورد وعەرب

- ئەو گوندانەی پاش رزگار کردنی خەڵکەکەی گەڕاونەتەوە:

١- گوندی باعەردی - کورد
٢-گوندی شێخ شیلی -کورد وشەبەك.

٤- هیچ گوندێک نییە کە بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزاری خەڵکەکەی نەتوانن بگەڕێنەوە:

5- تەنیا خەڵکی گوندی (شێخ عەلی) بە هۆی نزیکی لە هێڵی تەماسەوە ناتوانن بگەڕێنەوە.

6- ئەو گوندانەی کە خەڵکەکەی پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە ز زۆربەیان لە هۆزی (حدیدی)ن ئەمانەن(شەرف حیران ،گوداد ،کویکان).

٧-لە هیچ گوندێک کە شەڕی تێدا بووە خەڵکەکەی دژی پێشمەرگە شەڕیان نەکردووە.

8- ئەو گوندانەی مەترسییان لەسەر هێزی پێشمەرگە هەیە و زانیاری بە داعش دەدەن ئەمانەن( شەرەف حەیران، گوداد،کویکان ).

## رۆژنامەنوس و چالاکوانی مەدەنی:

1- ناحیەی (وانکێ) و ناحیەی (زوممار) ناحیەی (رەبیعە)ناحیەی (سنونێ) و سەرجەم گوندەکانی سەر بەم ناحیانە کوردی و عەرەبی تێدا دەژی.

2-گوندێکی زۆر دوای رزگارکردنیان چۆڵ کراون لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری و پێکهاتەکانیش (کورد و عەرەب و شەبەک)ن وەک گوندی (حسن شام- بحره- منقویه- تل اسود)له میحوەری خازر.

3- سەرجەم گوندەکانی ناوچەی (ناحیەی رزگار- ناحیەی رەبیعە- ناحیەی وانکێ)کە خەڵکەکانیان کورد و عەرەبن گەراونەتەوە شوێنی خۆیان.

4-سەرجەم گوندەکانی سەر بە قەزای شنگال ئەوانەی کە ئازاد کراون لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری ناتوانن بگەڕێنەوە.

5-هێلی تەماس لەگەڵ داعش زیاتر لە (800) کیلۆمەترە خەڵکی ئەم گوندانە لەبەر بۆردمانکردنی بەردەوامی داعش لەسەر گوندەکانیان و هەروەها مەترسیان هەیە لە دزەکردنی داعش بۆ ناو گوندەکانیان و ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی ناتوانن بگەڕێنەوە.

6- گوندەکانی میحوەری خازر (حسن شام- بحره- منقویه- تل اسود) هەروەها گوندەکانی میحوەری بەنداوی موێڵ کە لە عەشیرەتی (الحدیدی) ئەمە زۆربەیان پەیوەندیان بەداعش کردووە لەبەر ئەوەی زۆربەیان سەر بە دەزگا ئەمنیەکانی یان سوپای رژێمی بەعس بوون وە هەندێکیان لەبەر زیادە رۆییەکانی سوپای عێراقی نوێ کە زۆربەیان (شیعە) بوون ئازاری (سوننە)نشینەکانیان دەدا.

7-لە میحوەری خازر گوندی (حسن شام) لە میحوەری بەنداوی موێڵ گوندی (سمیحله) لە میحوەری زوممار گوندی (حقنه+کارێز+قێر السرج).

8- لە میحوەری (ناوەران –موێڵ) گوندی (نیرگزلیە-شێخ ماولان- رکابه الێغیر).

8- لەکاتی هێرشی داعش بۆ سەر سەرنگەرەکانی پێشمەرگە رۆژی (2014/8/3) وە لەکاتی پاشەکە کردنی پێشمەرگە سەرجەم گوندە عەرەب نشینەکان تەقەیان لە هێزی پێشمەرگە کرد لە گشت میحوەرەکان.

## شێخ جەعفەر شێخ مستەفا:

لە سنوری پارێزگای کەرکوک هەردوو قەزای دوز خانەقین ئەو گوندانەی کە دانیشتوانەکەی پێکهاتوون لە کورد وعەرەب زۆر کەمن یان هەر نین, چونکە لە ساڵی 1987و 1988 لە پرۆسەی ئەنفالدا حکومەتی بەعسی عێراق هەموو گوندە کوردنشینەکانی ئەو ناوچانەی خاپوور و ێران کرد کە رێژەیەکی زۆر دانیشتوانەکەی لە پێکهاتەی کورد بوون و راگوێزران بۆ کوردستان, تەنها عەرەب و گوندەکانیان مانەوە، هەروەها زەوییە کشتوکاڵییەکانی

کوردەکان بەسەر عەرەب نشینەکان دابەشکران کە تا ئێستاش ئەمە بۆتە کێشە و حکومەتی عێراق لیژنەیەکی پێکهێناوە بە ناوی ( النزاعات الملکیة ) بۆ چارسەرە کردنی.

لە دوای هاتنی داعش بۆ عێڕاق لە 2014/6/10 ، ڕەوشی ئەمنی عێڕاق بە تەواوی گۆڕا لە دوای شکستی فرقەکانی (5 , 4 , 3 , 2)ی سوپای عێڕاق لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەکانیان, هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێڵێکی تەماسی درووستکرد بە درێژایی (1000)کم هەر لە پارێزگای موسڵەوە تا خانەقین بە مەبەستی بەرگری کردن وپاراستنی ناوچەکە و دانیشتوانەکەی لە مەترسی و هێرشی داعش , لە ئەنجامدا کۆمەڵێک گوند بوون بە هێڵی تەماس لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و داعش, بۆ نموونە زۆربەی ئەو گوندانە لە سنووری کەرکوک کە کەوتنە ژێر دەستی داعش دانیشتوانەکەی لە پێکهاتەی عەرەبن هەر ولە سەرەتاوە خۆیان گوندەکەیان بۆ داعش چۆڵ کرد بۆ ئەوەی تووشی زیانی گیانی نەبن.

دوا جار زۆربەی خانووەکانی ئەم گوندانەیان بۆمبڕێژ کرد بە مەبەستی تەقاندنەویان بە هێزی پێشمەرگە و لەئەنجام چەندین پێشمەرگە شەهید و بریندار‌بوون بۆ نموونە لە هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر داعش لە گوندەکانی (کەواز عەرەب , کەواز کورد, سمایلاوە , ئەلبو محمد) ئەم پێشمەرگانە شەهید و بریندار‌بوون بە هۆی تەقینەوەی خانووی بۆمبڕێژکراو:

**<u>شەهیدەکان</u>**

1- (ن.ض) بێستون علی عمر /فەرماندەی 3 یەکەی 126 لە هێرشکردن بۆ سەر گوندی سمایلاوە لە 2015/3/9.
2- (مولازمی یەکەم) فخار سلیم /فەوجی 2 یەکەی 126 لە گوندی کەواز عەرەب.
3- (ن.ض.د.7) محمد سلیم حمد قادر / فەوجی 2 یەکەی 126 لە گوندی کەواز عەرەب.
4- ئەردەوان بحری قادر / فەوجی 2 یەکەی 126 لە گوندی کەواس عەرەب.
5- بورهان حمە حمە رەزا لە ڕێکەوتی 2015/9/12 لە گوندی ئەلبو محمد.
6- وەلی محمد علی لە ڕێکەوتی 2015/9/12 لە گوندی ئەلبو محمد.
7- علی عبدول حسن لە ڕێکەوتی 2015/9/30 لە گوندی کەواز عەرەب.

**<u>بریندارەکان</u>**

1- (مولازمی یەکەم) شوان احمد قادر .
2- (نەقیب) جبار حمد.
3- حسین محمد رسول.
4- بەشدار عمر حمە بطم.

هەروەها لە ئەنجامی بۆمبڕێژکردنی خانووەکان لە لایەن داعشەوە و بۆمباران و شەڕ و هێرشی بەردەوام زۆربەی ئەو گوندانە زیانی زۆریان بەرکەوت، بەڵام قوربانی گیانی لە نێوخەڵکی سڤیل نەبوون.

ئەم گوندانەی خوارەوە دوکەونە دەوروبەری ناحیەی مەلا عبدالله کە پێشوتر لە لایەن داعشەوە داگیرکرابوو و فریایی ئەو نەکەوتن کە خانووەکان بۆمبرێژ بکەن دوای ئازادکردنیان لەلایەن هێزی پێشمەرگە و ئێستا خەڵکەکەی کە ڕێژەیەکی زۆریان عەرەبن گەڕاونەتەوە و بەردەوامن لە ژیانی خۆیان.

1- هیندیەی تازە.
2- هیندیەی کۆن.
3- ادریس بنیا.
4- ادریس عبدالله.
5- غزعل.
6- جحێش.
7- ابوصباح.
8- خبازە.
9- شمسیە.

بەڵام هەندێک گوند لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ئازاد کراون تا ئێستا خەڵکەکەی نەگەڕاونەتەوە، چونکە ئەو گوندانە دەکەونە سەر هێڵی تەماس و ناوچەی محەرەمەی نێوان پێشمەرگە و داعش زۆر نزیکن لە مەودای گولە هاونەکانی داعش و خەڵکەکەی ئامادە نین بگەڕێنەوە بەهۆی بوونی مەترسی لەسەرژیانیان.

هەروەها هەندێک لەو گوندنشینانەی کە هەر لە سەرەتاوە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە، ئێستا هەڵاتوون بۆ حەویجە و ریاز و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و دەستیان هەبووە لە تاوانی کوشتنی کورد و شیعەکان و لەبەر ئەوەی ناسراون نایانەوێ بگەڕێنەوە، چونکە لە سزای یاسایی و دادگایی کردن دەترسن.

هۆکاری پەیوەندی کردنیان بە داعش بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە لەوانە:

أ- هەندێکیان هەر لە کۆنەوە سەلەفی بوون و فیکری مەزهەبیان هەیە و ئیسلامی توندڕەون، بۆیە بەشێوەیەکی دڕندانە دەستیان لە کوشتن و سەربڕینی هاووڵاتیاندا هەیە.

ب- هەندێکیان کۆنە بەعسی و قین لە دڵ بوون و بە هۆکاری تۆڵەسەندنەوە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و خەڵکی ناوچەکەیان ئازار داوە، بەشێکیان لەلایەن پێشمەرگەوە دەستگیر کراون لە کاتی خۆشاردنەوەیان لە نێوان ئەو خانەوادە ئاوارانەی کە روویان کردۆتە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە.

ت- هەندێکیان باری ئابوورییان خراپ بووە، بە مەبەستی پەیدا کردنی بژێوی پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە، بەڵام دەستیان لە تاواندا نەبووە، بۆیە هەندێک لەمانە دوای ئەوەی لێبووردنیان بۆ دەرچوو خۆیان رادەستی هێزە ئەمنییەکان کردووە.

٤-ئەو گوندنشینانەی کە هەر لە سەرەتاوە پەیوەندییان کردووە بە داعشەوە دژی پێشمەرگە و هەموویان دەکەونە هەردوو ناحیەی تازە و جەلەولا بریتین لە گوندەکانی:

1- ئەلبو نجم.
2- ئەلبو محمد.
3- عطشانە.
4- بانشاخ.
5- دلس.
6- غێدە.
7- طامور.
8- رویبیضة.
9- ئەلبو صباح.
10-طویلعة.
11-جومیلة.
12-کواز عەرەب.

لە دوای رزگارکردنی ناحیەی جەلەولا و گوندەکانی دەوروبەری لە دەستی داعش و پاککردنەوەی لە بۆمبەچێنراوەکانی کوچە و کۆڵان و خانووەکان و دڵنیابوونەوە لەوەی کە نابێتە مەترسی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان، تا بەرواری 2016/1/28 نزیکەی (1401) خێزانی عەرەبی سوونی گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

**<u>وەزارتی پێشمەرگە:</u>**

- هەمیشە گۆڕەپانی شەڕ جگە لە زەرەر و زیان و سووتان شتێکی تری لێ چاوەڕوان ناکرێت بەداخەوە ئەمە خەسڵەتی شەڕە بۆیە ئێمە ناڵێین ئەم ناوچانە زیانیان پێنەکەوتووە، بەڵام بە مەبەست هیچ شوێنێک لای هێزەکانی پێشمەرگە نەسوتێنراوە و زیانی پێ نەکەوتووە چونکە پێشمەرگە پابەندی تەواوی یاساکانی جەنگە زۆر جار پێش ئۆپەراسیۆنەکان فڕۆکە جەنگیەکان هەموو ئەو شوێنانە خاپور دەکەن کە داعشی تێدایە.

- هەموو لایەک دەزانن زەرەرمەندی یەکەم لە ئەنجامی داگیرکردنی شنگال، دانیشتوانی ئێزیدی شارەکە بوون کە دەستدرێژییان کرایە سەر، هاووڵاتیان ئێزیدی هاوکارێکی باشی هێزی پێشمەرگە بوون لەکاتی ڕزگارکردنی شەنگالدا لە هەمان کاتدا یەک هەفتە پێش ئازادکردنی شەنگال فرۆکەکانی هاوپەیمانان مۆڵگەکانی داعشیان خاپور کردو ئەو خانووانەی کە ئاماژە پێدراون هەموویان مۆڵگەی داعش بوون، یەکێک لە ستراتیژییەتەکانی داعش ئەوەیە شوێنەکانی خۆیان مین ڕێژ دەکەن و دواتر دەیتەقێننەوە.
سەبارەت بەنەگەڕانەوەی هاوڵاتیانی عەرەب بۆ جێگاکانی خۆیان پەیوەندی بە بارودۆخی ئەمنی و تەندروستی خزمەتگوزارییەوە هەیە، بە هیچ شێوەیەک هیچ بڕیارێک لە ئارادا نییە سەبارەت بە ڕێگەپێنەدانیان لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگە.
- سەبارەت بە شارۆچکەی جەلەولا ماوەیەکی زۆر ئەم شارە و دەورو بەری گۆڕەپانی شەڕ بووە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو تیرۆریستان و بەردەوام شەڕو پێکدادانی تێدا هەبووەو ئۆپەراسۆنی سەربازی تێیدا ئەنجامدراوە.
- بەشێوەیەکی گشتی هێزەکانی تیرۆریستان لە سنوورەکانی میحوەری کەرکوک لە جوڵەو هێرشی بەردەوامدان و لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەو تێکدەشکێندرێن و بەرپەرچ دەدرێنەوە.
- سەرەڕای بە هێزی پێشمەرگە لە سنوری میحوەری نەهرەوان، بەڵام تیرۆریستان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ هێرش کردنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە.
- بەشێوەیەکی گشتی هەموو میحوەرەکان ئەو گوندانەی بونەتە گۆڕەپانی شەڕ، چۆڵکراون و دانیشتوانەکەیان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە داڵدەدراون، لە پێناو سەلامەتی دانیشتوانی ئەو گوندانە باشتر وایە تا بارودۆخەکە ئارام دەبێتەوە خەڵکی سڤیل دووربن لەو ناوچانەی کە شەڕیان تێدایە، بەشێکی زۆری ئەو سنورانەی گوندە عەرەب نشینەکانی تێدایە کەوتوونەتە نێوان هێزی تیرۆریستان و هێزەکانی پێشمەرگە و بونەتە مەیدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی.
- بەردەوام ڕێگە بە هاتوچۆی هاووڵاتیان دەدرێت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشەوە بێن بۆ ناوچەکانی سنووری حکومەتی هەرێم، بەڵام لەبەر مەترسی و خراپی سنوورەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش پێویست بە گرتنە بەری ڕێوشوێنی ئەمنی توند دەکات، چونکە جیاکردنەوەی خۆکوژەکانی داعش لەگەڵ هاووڵاتیان کارێکی ئاسان نییە بەتایبەتیش لەم دواییانەدا کە تیرۆریستانی داعش منداڵیش لە کردەوە خۆکوژییەکاندا بەکار دەهێنن .

کاتێک کە خاچی سور کەوتۆتە گفتوگۆکردن لەگەڵیان و پشتڕاست بونەتەوە لە ناسنامەکانیان وەک هاووڵاتی ڕێگەیان پێداون بێنە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە. باشترین بەڵگەش لەسەر ڕێگری نەکردنی هێزەکانی پێشمەرگەش ئەو ژمارە زۆرەی هاووڵاتیانی عەرەبە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن.

## ڕێنماییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە

لە 2014/9/١٠ وەزارەتی پێشمەرگە چەن ڕێنماییەکی بۆ گشت فەرماندە و یەکەکانی سەر بە وەزارەت بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی پێوەی پابەند بن کە ئەمەی خوارەوە ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییانەیە: ئاگاداری گشت فەرماندە و یەکەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە دەکەین کە پابەندی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بن:

١-لە چەند لایەکەوە هەوڵی ئەوە هەیە ئەو چەکە نوێیانەی بۆمان هاتوون بکەونە دەست بازاڕ جا بە کڕین بێ یان بە هەر شێوازێکی تر، بۆیە داواتان لێدەکەین باش بیانپارێزن، و ئەو کەس و یەکانە بەرپرسن لە پاراستنیان و نەفەوتانیان.

٢-لە چەند ڕۆژی رابردوو لەو شەڕانەی کە هەندێک شوێن لە دەست داعش رزگار کران، هەندێک ڕەفتاری نابەجێ و نەشیاو بەرامبەر بە لاشەی کوژراوەکانی داعشەوە کراوە و بڵاوکراونەتەوە ، بۆیە داوا دەکەین ڕەفتاری وا دووبارە نەکرێتەوە، چونکە لەگەڵ هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناگونجێ و دەبێ ڕەوشتی بەرزی خۆمانبپارێزین و ئەو خۆشەویستییەی بۆ پێشمەرگە هەیە بەرز رابگرین.

## تۆڕی زانیاری تایبەت بە لیژنە:

- ئەو گوند و شارۆچکانەی کە ڕزگارکراون و ئێستا کوردو عەرەب تێدا نیشتە جێن لە (سحیلا تاوەکو شنگال) بریتین لە (سحیلا، گلهامیرا، بهار، قاهیرە، محمودیە، چلبارات، سعودیە، ربیعە، مشیرفا، ترگاع، ڕبوعجیر، تلبنات،عیونات، العملا، تل موس، زوممار، عین زالە، قسریج، خانەسوور، سنونێ، ێمود،مشریف، بردیاو، سینۆ، تل حبیب، سهل المالح، ڕبونا، هوگەنە).
- ئەو گوندانە کە خەڵکەکەی نەگەڕاونەتەوە لە کوردو عەرەب لەسێ شارۆچکە پێکهاتوون ئەمانەن (بارزانکێ، حەردان، عین فرس).
- خەڵکی (عوینات) بە دڕندەترین شێوە دژی پێشمەرگە شەڕیانکردووە و خەڵکەکەی زۆرینەی داعشن و ئێستاش مەترسین بۆسەر پێشمەرگە.
- لە هەردوو ناوچەی (عین فرس و بارزانکێ) نزیکەی ١٣ پێشمەرگەیان شەهید کردووە.

## هۆزە عەرەبەکانی مەخموور و موسڵ ڕاپۆرتەکەی ئەمنستی لەبارەی پێشمەرگە ئیدانە دەکەن:

سەرۆک هۆزە عەرەبەکانی گوند و ناوچەکانی دەروروبەری مەخموور و موسڵ وەڵامی ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دەدەنەوە و بە بێ بنەما وەسفی دەکەن، عەرەبەکان سوێند دەخۆن کە ئەو ڕاپۆرتە ناراستە و

گوند و ناوچەکانیان لەلایەن پێشمەرگەوە پارێزراوە نەک روخێنرابێت و سوتێنرابێت. ئەوان پێکەوە ژیانی بێ کێشەی کورد و عەرەب لەناوچەکانیان دەکەنە وەڵامێک بۆ ئەو راپۆرتە و دەڵێن هێندە مامەڵەمان لە گەڵ یەکدی باشبووە تەنانەت فێری زمانی یەکدیش بووین ئەوان دەڵێن ئەم راپۆرتە مەبەستێکی سیاسی لەپشتە.

شێخ خەلف عەبدوڵا، یەکێک لە سەرۆک هۆزە عەرەبەکانی مەخموور لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا کە رۆژی سێشەممە 2016/1/26 ئەنجامدرا، رایگەیاند :"هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە هۆزە عەرەبەکانیان لە ناوچەکەوە بردووەتە ناوچەی دیبەگە و هەموو پێداویستییەکیشیان بۆ دابینکردوون. "

سەرۆک هۆزەکە راشیگەیاند "رۆژانە مووشەکی کاتیۆشای ئاراستە گوندەکانمان دەکرێن و سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانیش نەیویستووە لەژێر هەڕەشەی مووشەکەکان بین، بۆیە ئێمەیان گواستووەتەوە ". هەروەها گوتیشی " من عەرەبم خەڵکی گوندێکی عەرەب نشینم ، لەهەر شوێنێک شەڕ ڕوبدات هەر وێرانکاری دەبێت، چونکە چەکی قورس هەموو شوێن وێران دەکات، ئەو وێرانکاریەی لە گوندەکان بووە هچ پەیوەندی بە پێشمەرگەوە نیە، ئێمە دەزانین ئەو تۆمەتانەی خراونەتە سەر پێشمەرگە کێی لە پشتەوەیە، بەپێچەوانەوە هەموو عەرەبی سوننە لە هەولێرن وپێشمەرگە دەمان پارێزێت".
سەرۆک هۆزەکە روونیشیکردەوە "هەندێک گوند لەلایەن داعشەوە تەقینەوەیان تێدا ئەنجامدەدرێت لەکاتێکدا کۆنترۆڵکراونەتەوە، لەلایەن هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیشەوە مووشەکیان ئاراستەکراوە، ئەمەش شەڕە و خۆشتان دەزانن شەڕ چۆنە. "

یەکێکی دیکە لە سەرۆک هۆزەکانی بەشداربووی کۆنگرە رۆژنامەڤانییەکە گوتی "راپۆرتەکەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئیدانە و ریسوا دەکەین، کە تێیدا پێشمەرگە تۆمەتبار دەکات بەوەی ناوچە عەرەبییەکانی سووتاندوون". ئەو جەختیشی لەوە کردەوە کە پێشمەرگە پارێزگاری لە هۆزە عەرەبەکان کردووە.

لە دوایین راپۆرتیدا رێکخراوی ئەمنستی کە لەبارەی دۆخی عێراق و پێشمەرگە بڵاویکردەوە، رایگەیاندووە "هێزەکانی پێشمەرگە بە ئەنقەست چەند گوند و ناوچەیەکی عەرەبنشینیان تێکداون و سووتاندوونیان، ئەمەش وەکو تۆڵەسەندنەوەیەک بووە، بە بیانووی ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچانە پشتی رێکخراوی داعشیان گرتووە. "

لە لایەکی دیکەشەوە شێخ موزاحم ئەحمەد ئەلحویت، سەرۆکی هۆزی جحێش کە یەکێکە لە گەورەترین هۆزە عەرەبەکانی شنگال دەڵێت:"ملیشیاتی ئێزیدی بوونیان نییە تاوەکو هێرش بکەنە سەر عەرەبە سوننەکان، بەڵکو هەندێک کەس و خانەوادە لە پێکهاتەی عەرەبی شنگال یارمەتی تیرۆریستانی داعشیان داوە و هەستاون بە رفاندنی ئافرەتانی ئێزیدی و لەگەڵ داعش بەشدارییان کرد لە هەموو ئەو تاوانانەی دەرهەق بە ئێزیدییەکان ئەنجامیاندا".

ئەو عەرەبانە ئێستا لە موسڵن و هەندێکیشیان لە سووریا نیشتەجێن و پەیوەندیان بە داعشەوە کردووە و لەگەڵ داعشن بۆیە ئێمەی عەرەب بەر لە هەر کەسێکی دیکە دژی گەڕانەوەیانین بۆ شنگال، بەڵام ئەو عەرەبانەی کە لەگەڵ داعش بەشدار نەبوون لە تاوانەکان ئێستا لە کوردستانن و هێزی پێشمەرگە و ئێزیدییەکان هاوکارییەکی زۆریان کردووین. بۆیە ئەم راپۆرتە دەستێکی سیاسیی لەپشتەوەیە و راپۆرتێکی بێ بنەمایە و هیچ پەیوەندییەکی بە راستییەکانی سەر ئەرزی واقعەوە نییە.

## سەرۆکی کوتلەی برایەتی و پێکەوەژیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ:

سەیدو چەتو، سەرۆکی کوتلەی برایەتی و پێکەوەژیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ دەڵێت:"وا باشتر بوو رێکخراوی ناوبراو بەدوای چارەنووسی هەزاران قوربانی و رفێندراوی ئێزیدی بگەڕێت و یارمەتی ئازاد کردنیان بدات، لە هەمان کاتدا بە دوای ئەو تاوانبارانە بگەڕێت کە دەستیان هەبووە لەو تاوانانەی تیرۆریستانی داعش ئەنجامیانداوە و یارمەتییان داوە بەتایبەتی دژی ئێزیدی، کریستیان و خەڵکی سڤیل، نەک باس لەو خانووانە بکات کە لە ئەنجامی شەڕەکان وێران بوون یان تیرۆریستانی داعش تەقاندوویانەتەوە".

ئەمە لە کاتێکدایە، گشت پێکهاتەکانی پارێزگای موسڵ ستایشی رۆڵی پێشمەرگە دەکەن لە رزگار کردنی چەندین ناوچەی سەر بە پارێزگای موسڵ و هەوڵەکانی سەرکردایەتی کورد و سەرۆک بارزانی بۆ پێکەوەژیانی نێوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی موسڵ بەرز دەنرخێنن.

## رۆژنامەی جیرۆسەلیم پۆست:

رۆژنامەی جیرۆرسەلیم پۆست، بە پشت بەستن بە راپۆرتێکی سەنتەری ئاشتی و ئاسایشی مرۆڤ لە زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان (CPHS)، رایگەیاند:"ئەو راپۆرتەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی(ئەمنستی ئینتەرناشناڵ)، 20ی کانوونی دووەم سەبارەت بە هێزەکانی پێشمەرگە بڵاویکردەوە و هێزەکانی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە کوردیەکانیان لە باکووری عێراق تۆمەتبار کردوە بەوەی هەزاران ماڵیان وێران کردووە، سووتاندووە و تەقاندووەتەوە بێبنەمایە، چوونکە ئەوان سەردانی هەمان ئەو شوێنانەیان کردووە کە ئەمنستی باسی لێکردووە بەڵام ئەوەی نوسراوە دوورە لە راستیەوە و ئەوەی ئەوان لە کوردستان بینیویانەوە ئەوەی ئاشکرا کردووە کە کوردستان جیهانێکی تەواو جیایە لەوەی ئەوان باسیان کردووە".

ئەندامانی ئەم سەنتەرە خۆیان سەردانی ئەو ناوچانەیان کردووە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە تیرۆریستانی داعش پاکیکردۆتەوە و ئازادیان کردوون، لەم راپۆرتە ئەوە خراوەتە روو کە لە ناوچەکانی رەبیعە و زومار کورد و

عەرەب پێکەوە دەژین و  کاولکاری داعش دەسرنەوە و پێکەوەژیانێکی باش لە ناوچانە هەیە. ئەندامانی ئەم سەنتەرە نوسیویانە کە" ئێمەش وەك سەنتەری -CPHS- بە هەمان شێوەی رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشنال سەردانی ئەو ناوچانەمان کردووە، راستە ئێمەش گوندی کاولکراو و پەرتەوازەیی خێزانەکانمان بینی، بەڵام ئەوەی ئەو خاڵە جیاواز و سەرەکیەی بەرچاومان کەوت کۆمەڵگەیەکی ئازاو کۆڵنەدەر بوو، لە کورد و عەرەب و ئێزدی کە هاوکاری یەکتریان دەکرد بۆ مانەوە و بۆ دووبارە بونیادنانەوە. بۆ ئەوەی کاولکارییەکانی تیرۆریستانی داعش بسرنەوە و پێکەوە دەست بە بونیادنانی ژیانێکی نوێ بکەن".

هەر لەم راپۆرتەدا لە دوای چاوپێککەوتن لەگەڵ ژمارەیەك عەرەبی سونەی دەشتی نەینەواو عەرەبی سونەی رومادی و شوێنەکانی دیکەی عێراق جەختیان لەسە ئەوە کردووەتەوە کە کوردستان تەنها شوێن بووە ، بەبێ جیاوازی دەرگای بۆ هەموو عەرەبی عێراق کردووەتەوە و یەک لەو کەسانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجامدراوە دەڵێت:"کاتێک داعش هاتە ئێرە، هەمووان ئاوارە بووین و لە دەرگای هەموو وڵاتێکمان دا، بەڵام هیچ کەسێک وەڵامی نەداینەوە. تەنها پێشمەرگە لە کۆتایدا دەرگای بە رووماندا کردەوە. سەرۆک مەسعود بارزانی ئێمەی قەبوڵکرد و هیچ وڵاتێکی دیکە جگە لەمان پاڵپشتیان نەکردین نە بە چەک و نە بە حکومەتەکانیان. تەنها پێشمەرگەکان هاتن و ئێمەیان ئازادکردین"

راپۆرتەکە ئەو راستیەشی خستۆتە روو کە بەشێکی زۆری ئەو عەرەبانەی لە کوردستان دەژین، لەکاتێکدا داعش هێرش دەکاتە سەر پێشمەرگە، ئەوان دەچنە نەخۆشخانەکان و خوێن دەبەخشن بە برینداراەکانی پێشمەرگە، سەبارەت بە خوێن بەخشینی ئەو عەرەبانەش بە پێشمەرگە چونکە ئەوان دەڵێن پێشمەرگە چۆن کوردستان دەپارێزێت ، ئەوانیشی لەدەستی تیررۆیستانی داعش پاراستووە.

ئەم راپۆرتەی رۆژنامەی جیرۆسەلیم پۆست ئەو راستیە دەخاتە روو، بەوەی راپۆرتەکەی ئەمینستی ئەنتەرناشناڵی خەڵکانێك ئامادەیان کردووە، کە ئامانجیان بەرگری کردن نەبووە لە پێکەوە ژیان و لێبوردەیی و مافەکانی مرۆڤ، بەڵکو ئامانجیان ئەوەبووە کە دیمەنی جوانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان کوردستان ناشرین بکەن و لەسەرکەوتنە سەرسورهێنەرەکانی هێزی پێشمەرگە بەسەر داعشدا کەمبکەنەوە.